کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٠-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ١٤٠٠-فێوریيە ٢٠٢٢

سەروتار

## وتە ی هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەناه ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان
کرێکاران و زەحمەتکێشان
بنەماڵەی ئازیزی گیانبختکردوانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست
زیندانیانی سیاسی خۆراگر و بنەماڵە سەربەرزەکانیان
هاوڕێیانی پێشمەرگە و ئەندام و لاینگرانی کۆمەڵە و حیزب
وێرای سڵاوی پێشمەرگانە :

بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵرۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە ، لە لایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەین . دروودی گەرم دەنێرین بۆ یادی هاوڕێی رابەر و گیانبختکردوو، کاک حەمەحوسێنی کەریمی کە رۆژی کۆمەڵە سالرۆژی گیانبختکردنیەتە . هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ یاد و فیداکاری سەدان و هەزاران کۆمۆنیستی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست کە لە پێناوی ئازادی و سوسیالیسم گیانی خۆشەویستیان بختکرد یا کەم ئەندام بوون . لە جێگای خاڵی ئازیزانی گیانبختکردوومان ، لە ساڵڕۆژی ئاشکرا بوونی تێکۆشانی کۆمەڵەدا چەپکە گوڵی ڕێزوخۆشەویستی دادەنێین.

بەرێزان : ئەمرۆ ٤٣ ساڵ لە ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە و ٩ساڵ لە چالاکی نهێنی ئەم ڕێکخراوە دەگوزەرێت. دیارە مەبەست لەم ماوە کورتەدا باسکردن لە ٥٢سال خەباتی نهێنی و ئاشکرای کۆمەڵە نییە ، زۆر جار ئەو مێژووە باسکراوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە و لە ئارشیووەکانی کۆمەڵەدا لە بەر دەستن. لە ماوەی ٥٢ساڵی رابردوودا کۆمەڵە هەورازونشێوی زۆری بڕیوە ، زۆر گیروگرفت و دژواری هاتووەتە سەر ڕێی و هەروەها سەرکەوتنی گەورەیشی مسۆگەر کردووە. بەلام ئەوەی کە کۆمەڵە ڕێگای خۆی ون نکردوە، ئاسۆ و ئوفۆقێک بووە کە رۆژی ئەوەڵ بۆی پێکهاتووە و چرای ڕێنوێنی ڕێگای خەباتی بووە. ئەویش ئاسۆی سوسیالیزمی زانستی و بەرابەریخوازی لە جەرگەی خەباتێکی بێ وچان و پڕاوپڕ لە فیداکاری لە ماوی زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشانی نهێنی و ئاشکرا لە دوو دەسەڵاتی سەرەرۆ و دیکتاتۆری بووە. کۆمەڵە ئەگەر ئامرازی گەیشتن بە ئامانجی سوسیالیستی و دەسەڵاتی کرێکاران بووە، لە هەمانحاڵدا لە ناو خەباتی لێبراوانەی چینایەتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خۆی نوێکردەوەتەوە و هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات رۆڵەی زەمانەی خۆی بێت و بووە.کۆمەڵە لە خەباتی کورت ماوە و درێژماوەی خۆیدا، هەمیشە بەرژەوەندی درێژماوەی لە بەرچاو بووە و مەسڵەحەتی گشتی بە سەر ویستی کورت ماوەدا رەچاو کردەوە. مێژووی نیوسەدە تێکۆشانی کۆمەڵە نیشانی دەدات کە ئەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستە لە دەست بردن بۆ ریشەی ئازار و ڕەنجەکانی کۆمەڵگا جەسوور ، نەترس ، مافخواز و ڕێگا نیشاندەر بووە . ڕێشە بۆ کۆمەڵە یانی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگا ، واتە کرێکار ، هەژار ، ژنانی ستم لێکراو و گەلانی سەرکوتکراو ، کە بۆ خەبات و ڕزگار بوون پێویستە بێنە گۆڕەپانی تێکۆشان و ڕێکخستن ، کە کۆمەڵە ڕێکخراوی ئەوان بۆ ئاڵوگۆر وخەبات و گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسییانە. کۆمەڵە هێزێکی رادیکاڵە، بە واتای ئەوەی کە دەست

بۆ ریشەی کێشە کۆمەلایەتیەکان دەبات. چارەسەری ریشەیان بۆ دەدۆزیەتەوە. رادیکاڵە چونکە خەبات دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان، هەوڵ دەدات بۆ ئازادی و بۆ خوشبەختی هەموو کۆمەلگا. بۆ بە دەستهێنانی بەرابەری ژن و پیاو ، بۆ جیاکردنەوی دین لە دەوڵەت و خسوسی کردنی دین و گشتگیرکردنی سیاست.لاینگری بێ ڕاڕایی ئازادی بەیان ، ئەندێشە، بیروباوەر و ڕێکخراو بوونە. کۆمەڵە ئەمرۆ تەنیا ناوێک نییە ، بەڵکوو بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە، بزووتنەوەی چەپ و سوسیالیستی کوردستانە. کۆمەڵە هێزی بەرەوپێشبەری ئەو بزوتنەوە بیە. ئەمە تەنیا قسەی ئێمە نییە ، ئەوە هەقیقەتی کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت ئێعترافی نەیارانی کۆمەڵە










ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٨ ل٤

پەیامی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردووان ل١٥
پەیامی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بۆ زیندانیانی سیاسی ل١٥
پەیامی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بۆ کرێکارانی ئێران ل١٥
بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە دەربارەی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان و ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵیدا ل٣
بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە خەباتی یەکگرتووانەی مامۆستایان ل١١
بڕیارنامە سەبارەت بە پێویستی یەکگرتووی چەپ لە کوردستان ل٣
بڕیارنامە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد وەک مەسەلەیەکی هەرێمی ل١٣
بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە دەربارەی بزووتنەوەی ژنان ل١١
بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە ژینگە ل١٢
بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە کۆڵبەری ل١٢



## دریژە ی : (سەروتار)
## وتە ی هاورێ حەسەن ڕەحمان پەناە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٤٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە

و دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی نارازی و بەندکراوانی سیاسییە.

کۆمەڵانی تێکۆشەری کوردستان ! دڵسۆزانی کۆمەڵە لە هەر کوێ هەن!

ئەمساڵ ڕۆژی کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا دەگیرێن کە سێبەری نەهامەتی و کارەساتی مرۆڤایەتی گەورە بە هۆی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە سەر سەری بەشەریەتەوە قورسایی دەکات. کرۆنا و زیانەکانی بە مرۆڤایەتی ، گەندڵی هەرچی زیاتری نیزامی چاوچنۆک و پارەپەرەستی سەرمایەداری نیشان دا. سەروەتی ئەبرسەرمایەدارەکان لە سەردەمی کرونا ٣٠لە سەد زیادی کرد، بەڵام هەژاریش ئاستی میلیارد ئینسانی ئێپەڕاند. هەڕەشەی شەر، وەک خۆفناکترین دیاردە هەروا بە سەر سەری کۆمەڵگای بەشرییەوە دەخولێتەوە. تێکدان و وێران کردنی ژینگە لە کارساتەکانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییە. هەژاری و بیکاری ، پەلامار بۆ سەر دەسکەوتەکانی تا ئێستای بەشەری ئازادیخواز لە دیاردەکانی دیکەی سەرمایەداری ئەمپریالیستییە. تەنیا ئەم چەند خاڵە بە ڕواڵەت سادە لە پێش چاوی هەمموومان گەندڵی و خۆفناکی نیزامی دژە ئینسانی سەرمایەداریمان پێ نیشان دەدات . لە بەرانبەر ئەم وەزعە نالەبارەدا ئەمرۆ لە ئاستی ناوچەیی ،جیهانی و وڵاتیشدا ، سوسیالیزمی وەک تاقە بەدیلی کرێکاران لە هەمووکات زیاتر لە بەرانبەر کۆمەڵگادا بووە بە ئەمری واقع . بەڵام سوسیالیزم جەبری مێژوو و ئاواتی شیرین نییە ، بەڵکوو حاسڵی هوشیاری، ڕێکخراوبوون و خەباتی لێبراوانەی چینی کرێکار و زۆرینەی کۆمەڵگایە . کۆمەڵە وەک بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیست بۆ وەها بەدیلێک و دونیایەکی ئازاد تێدەکۆشی .

لە ئاستی ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی لە هەموو کات زیاتر بووە بە مۆتەکەی سەر شان و ژیانی زۆرینەی خەڵکی ئەم کۆمەڵگا. ئەوەی کە ئەمرۆ ئەم دەسەڵاتە تاوانبارانەی ڕاگرتووە ، تەنیا هێزی سەرکوتگەر و بێ ڕەحمە و فێڵ و فریو ئاسەواری نەماوە. هەموو ئیمکاناتی ئەم وڵاتە لە خزمەت ئەم هێزە و پیلانە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی سەرف دەکرێت . هێزیکی گەندڵ و دژە ئینسانی و سیستم و دەسەڵاتێکی تاوانبار کە هەر ڕۆژە گۆشەیەک لە تاوانەکانی دەردەکەوێت و نیشانی دەدات کە چ مافیایەک بە سەر ئەم وڵاتە زاڵە . ئەواری قسەکانی ئەم ڕۆژانەی سەران و فەرماندەکانی سپای پاسداران دەرخەری دزی و تاڵان و بڕۆی ئەم قاتلانەیە. بەڵام کۆمەڵگای ئێران لە دەروونەوە دەکوڵێت و ئەم دەسەڵاتە بە هیچ جۆر توانایی وڵامدانەوەی داوخوازەکانی ئەو جەماوەرە ڕاپەڕیوە نییە . کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت وا نیشان بدات کە خراپی ژیانی خەڵک پەیوەندی بە «بەرجام» و گەمارۆی ئابوری وەڵاتانی ڕۆژئاوا هەیە. هەموو کەس دەزانی کە «بەرجام» و زێدەخوازی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی ، بەرنامەی موشەکەی و هەستەیی ئەم دەسەڵاتە ، کەمترین پیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانەوە نییە ، بەڵکوو لە دژی ئەوان و لە قازانجی سەرانی ڕەژیم و مافیای سپای پاسداران و بیتی ڕەهبەریە.

«سدووری شۆرشی ئیسلامی» لە ڕۆژی ئەوەڵی گەیشتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتێکی تاوانبارانە بوو کە باجەکەی خەڵکی ئێران بە سەدان هەزار قوربانی لە شەڕی کۆنەپەرەستانەی ئێران و عێراق و دواتر دەخاڵەت لە ڕووداوەکانی عێراق ، سورییە ، ئەفغانستان ، یەمەن ، لوبنان ، فەڵەستین و شوێنەکانی دیکەی دای و دیدات. سیاستی دەست ڕاگیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە ڕاستیدا بەدیلی سیاستی شکستخواردووی «سدووری شۆڕشی ئیسلامییە» کە ئەویش هەر لە سەر ژیان و سفرەی خاڵی خەڵکی ئێران دەدرێت .بەڵام ئەمرۆ هوشیارییەکی گشتی کە کۆمەڵگای ئێراندا ڕوویداوە. دەسەڵاتی ئایینی و حکومەتی دینی لە هەموو کات زیاتر جێ پێی پێ لێژ بووە و کەمترین شانسی لە داهاتووی سیاسی ئەم وڵاتە نییە. خەباتی ڕۆژانەی مامۆستیان ، کرێکاران ، ژنان، ماڵباختەگان، خانەنیشینان ، و زۆر بواری دیکە ، ئاستی کێشەکانی بەرەی خەڵک و حکومەتی بردەوەتەی شوێنی هەستیار و ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە هەرکات زیاتر کردەوە بە ئەمری واقیع . پرژوبڵاوی لە ریزەکانی هێزی نارازی ، نەبوونی بەدیل و ئالترناتیوی جێگای باوەری جەماوەر،لە بەرانبەر سەرکوتەی بێرحمانەی دەسەڵات ، لە خاڵە لاوازەکانی خەباتی ئەمرۆی خەڵکی ئێرانە. بەڵام ئالترناتیو لە دڵی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەردا پێک دێت . کۆمەڵە هەوڵدەدات لەم بوارەدا چالاک ، هاندەر و وەحدت بخش لە گەڵ هێزە چەپ و سوسیالیستە شۆڕشگێرەکان لە ئێران و کوردستان خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکات.




کوردستان لە ماوەی ٤٣ ڕابردوودا بە شێکی جیانکراوە لە ڕووداوە سیاسی و گرینگەکانی ئێران بووە. فەتحی سنگەرەکانی هاوخەباتی کوردستان پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا ٣٠ جۆزەردانی ٦٠ ، کوردستانی لە هاوپیمان و هاوخەباتی ڕاستەقینەی خۆی دابڕی و ئەم مەڵبەندی بە تەنیا هێشتەوە کە سەرکوتکەردنی بۆ دەسەڵات ئاسانتر بوو. ئەمرۆ ڕەوتی ڕووداوەکان وا تێک هەڵپێکراوەن کە ئاسانترین ڕێگای چارە بۆ خەڵکی کوردستان لە گەیشتن بە ویست و خواستە سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی هاوخەباتی لەگەڵ کرێکاران و ستملێکراونی ئێران و ناوچەکەیە. ئەزموونی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم ڕاستیەمان پێ دەڵێت کە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی هەر وەڵاتێک کە خەڵکی کوردی تێدایە لە ناوەندی ئەو وڵاتە دیاری دەکرێت ، نە لە لایەن زلهێزە ئەمپریالیستیەکان و دۆژمانی خەڵکی کورد لە شوێنەکانی دیکە کە بە شوێن بەرژەوندی خۆیانن.ئەم لێکدانەوە بەم مانا دێت کە خەباتی خەڵکی کوردستان بە هیچ جۆر نابێت لە خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و لە بەرەی چەپ ، کرێکاری و شۆڕشگێری ئەو خەباتە دابەڕێت.

سەرەرای ئەم ڕاستیینانەی کە باسکرا، پێمخۆشە لە سەر چەند خاڵی گرینگی سیاسەتی کۆمەڵە لە دەوری داهاتووی چالاکی ئێمە و بە تایبەت وەک بریارو پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە کە تازەگی بەرێوە چوو، تاکید بکەمەوە.

١ــ هەوڵی جرویڕ و زیاتر دژ بە ستەمی نەتەوایەتی لە سەر خەڵکی کوردستان ، وەک ستەمێکی سیاسی و هەڵاواردن و پەراوێزخستنی ناوچە کوردنیشینەکان لە چوارچێوی باس و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە.

٢ــ هەوڵدانی هەرچی زیاتر بۆ ناساندن و جێ خستنی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی جەماوەری لە کوردستان ، وەک یاسای گشتی و ئاڵترناتیو لە بەرانبەر یاسای کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێستا و لایەنە لیبراڵ و بۆرژوایەکان بۆ داوڕۆژی کوردستان.

٣ــ پیداکردنی پشتیوانی نێوخۆی ، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان وەک بزوتنەوەیەکی سکۆلار و پێشکەوتووخواز لە سەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت ، بەرابەری ژن و پیاو ، دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و جەماوەری خەڵک لە ڕێگای شووراکان ، آزادی سیاسی فەردی و کۆمەڵایەتی، ئازادی ڕێکخراوبوون ، بیروباوەر، مانگرتن و خۆپیشاندان و ..... هاوخەباتی و پشتیوانی لە بزووتنەوە ڕادیکاڵ و پێشکەوتووەکان لە ناوچە . پشتیوانی لە مافی خەڵکی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دیاریکردنی مافی چارەنووس خۆیان تا پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

٤ــ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە پیشییە جەماوەریەکان لە کوردستان بە بێ جیاوازی لە فکر ، ئەندیشە ، ئاین ، نەتەوە ، بیری حیزبی جیاواز ، لە سەر بنەمای هەڵبژاردن و ئالوگۆری دیمۆکراتیک بە دەنگی بەشداربوون .

٥ــ کاری پراوپڕ و لێبراوانە بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوی حیزبی لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران ، ژنان، زەحمەتکێشان ، زانکۆکان ، گەرەکە فەقیرنشینەکان ، دیهاتەکان ، لاوان و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان.

٦ــ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ، وەک هێزێکی کۆمۆنیست و خەباتکار لە خزمەت بە بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران ، دژ بە مالکیەتی خسوسی ، لاینگری شێلگیری مافی بەرابەی ژن و پیاو ، تێکۆشەری کۆتایهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی ، نژادی ، جنسیەتی. ئاموزشی بەردەوامی ئەم هێزە و تیارکردنی لە باری تێۆری و کردەیی بە نویترین کەرەستەکانی شەری پارتیزانی . بار هێنانی وەک پارێزەری داوڕۆژی دەسەڵاتی جەماوەر و شووراکان لە کوردستان.

٧ــ پشتیوانی لە فەرهەنگ و سونەتی سکولار، موتەرەقی و سوسیالیستی لە کوردستان کە لە ٤٣ساڵی ڕابردوو کۆمەڵە ڕەواجدەر ، داهێنەر و پاڵپشتی بووە. هەر ڕووناکبیرێکی شۆڕشگیر، هەر نووسەرێکی ئازادیخواز، هەر هونەرمەند ، شاعێر و گۆرانیبێژێکی خەڵکی ، هەر موسیقاژەنێکی پێشکەوتوو، کە هونەرەکەیان لە خزمەت بە پێش خستنی کۆمەڵگا و دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی بێت، پێویستە کۆمەڵە بە پشتیوانی خۆی و خۆی لە ڕیز یا لە کەنار کۆمەڵەدا ببینێتەوە.

تێکۆشەرەرانی کۆمەڵە لە ناوخۆی وڵات : هاورێیانی خۆشەویستی پێشمەرگە : ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات : دۆستان و لاینگەرانی کۆمەڵە لە هەر کوی هەن: جەماوەرەی ئازادیخواز :

هەروەکوو خۆتان ئاگاداران لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا جیابوونەوەیەک لە لایەن کەمایەتییەک لە هاورێیانی پێشوومان ، لە هەلومەرجی هەستیاری ئەمرۆی ناوچەکە ، ئێران و کوردستان بە سەر تشکیلاتی ئێمە ، بە تایبەت حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەحمیل کرا. ئەگەرچی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناوخۆی وڵات ، هێزی پێشمەرگە و لە دەرەوەی وڵاتیش زۆرینەی هەرە زۆری لە جێگای خۆیەتی ، بەڵام ئەم جیابوونەوە، بە زەرەر و ناپێویست بوو و وڵامی بە هیچ نیاز و پیداویستییەکی کۆمەڵگا نەدایەوە و بە هیچ پاساوێکی سیاسی کە لایەنی جیابوویەوە دەیهێنێتەوە، تەوزیح و توجیە ناکرێت. کردەوە و ئاکاری ئەم ماوە کورتەی لایەنی جیابوویەوە ، بە تایبەت لە نگرتنی کۆنگرەی حیزب ، وەدەرنانی دژئەساسنامەی و غیرە ئوسولی ٥ ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، سەلبی سەلاحیەت لە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردەراوی کۆمەڵە و کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب ، دانانی کومیتەی ناوەندی ٢١ کەس لە لایەن کومیتەیەکەوە کە زیاتر لە ٤ ساڵ لە کاتی یاسای و قانوونی خۆی تێپەربەبوو و پروپاگەندەی ناسیاسی پاش جیابوونەوەیان ، نیشانی دا کە کێشەکانیان نەک سیاسی و فکری نییە ، بەڵکوو زۆر سەتحی، بێ ناوەرۆک و بێگانە بە مێژووی هەموو باس و کێشەکانی دەورەکانی پێشترە نێو جەریانی ئێمەیە. ئێستا هەرچی بێت و هەر ئەرزیابی و قەزاوەتێکمان لە سەر ناکۆکیەکان بێت، جیابوونەوە ڕوویداوە و هاورێیانی پێشوومان حیزبێکی دیکەن . ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە هیچ بۆشاییەک لە چالاکی سیاسی ، فکری ، ڕێکخراوەی ، جەماوەری و پێشمەرگانەمان بەجێ نەهێلین. نەهێڵین دۆژمن لە کەلێنی جیابوونەوە کەڵک وەرگرێت و سوءئیستفادە بکات و نائومێدی و دڵ سەردی پەرە پێبدات. کۆمەڵە هەر ئەو هێزە کۆمۆنیست و شۆڕشگێرەی جارانە کە لە خاڵە وەرچەرخانە مێژوویەکاندا تاقی کراوەتەوە . هەلوێستەکانی لە قۆناغی هەستیاردا متمانەی جەماوەری بە دەست هێناوە. نمونەکانی کەم نیین و لە بیرمان نەچونەتەوە.لە داهاتووشدا دیسانیش دەکەویەتە وەها قۆناغ گەلێکەوە. بەو پێشینەو بە عەقل و تەجروبە و زانستێک کە بەدەستی هێناوە، دڵنیام کە دەتوانێ سەربەرز و سەرکەوتوو لە داهاتوویش بێتە دەرێ. ئەگەر باس لە خاڵە گرینگە مێژوویەکان دەکەین بۆ ئەوە نییە سەرینی ئارخایەنی لە بەن سەر نێین. بەڵکوو بۆ ئەوەیە بیانکەین بە توێشووی ڕێگای بەرەو پێش چوونمان .لە هەمانکاتیشدا لە هەڵەکان ئەزموون وەرگرین و دووپاتیان نەکەینەوە. موتمانەی بە کۆمەڵە بکەن . پاڵپشتی بن . دڵنیا بن لە داهاتوویش دا هەروەک ڕابردوو ڕاستگۆ ، شۆڕشگێر و فیداکار دەبێت .

بژی کۆمەڵە ، بژی سوسیالیسم .

ئێوەش هەر شاد و سەربەرز بن.

***



## بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە دەربارەی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان و ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵیدا

١. ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان لە کوردستاندا پەرەی سەندووە و زۆرێک لە بنەماڵەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ ئەم دیاردە نگریسەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە ڕووکەش باس لە بەرەنگاربوونەوە لە دژی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان و بڵاوکردنەوەیان دەکات، بەڵام بەرفراوانبوونەوەی ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەم کارەساتە بە بێ پشتیوانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کاربەدەستانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی مومکین نییە. جگە لەو قازانجە زۆرەی کە ئەو کەسانەی بازرگانی بە ژیانی ملیۆنەها مرۆڤەوە دەکەن لەم ڕێگەیەوە بەدەستی دەهێنن، هاوکات پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە کوردستان ئامانجگەلێکی سیاسی تریشی لە پشتە. کۆماری ئیسلامی لەڕێی پەرەدان بە گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بە ئاگاییەوە سەرمایەگوزاری کردووە لەسەر بەدیهێنانی کەشێک لە کەمتەرخەمی سیاسی لاوان و بێ ئیرادە کردنیان و ناچارکردنیان بۆ خۆبەدەستەوەدان و گوێڕایەڵی لە هەمبەر ئەو هەلومەرجە هەنووکەییەی لە ئارادایە.

٢.قوربانیانی وەها سیاسەتێک بەتایبەت ئەو لاوانەن کە سەر بە چینە هەژار و دەستکورتەکانی کۆمەڵگان. ئەم کەسانە دەبێ بکرێنە قوربانی و وەک تاوانبار بناسێنرێن، تاکوو هاوکات لەگەڵ بەدەستهێنانی سەرمایەی زۆر و قەبە، ئەم کەسانەش لە کۆمەڵگە دووربخرێنەوە. قوربانیانی مادە هۆشبەرەکان تاوانبار نیین، بەڵکوو تاوانبار ئەو کەسانەن کە لەناو دام و دەزگا دەوڵەتییەکاندا دەستڕۆیشتوون و کۆنترۆڵی تۆڕە مافیاییەکان و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مادە کاولکەرەیان لە دەست دایە. تاوانبار ئەوانەن کە لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مادانەوە، سەروەت و سەرمایەی باوەڕپێنەکراو بەدەست دەهێنن. تاوانبار ئەو سیستەم و نیزامەیە کە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مادەیە دەڕەخسێنێ. تاوانبار ئەم نیزام و حکومەتە و کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی ئەم ڕژیمەن. هەر بۆیە لە ئاکامدا، ئەوەی کە دەبێ دووربخرێتەوە ئەم ڕژیمە ئیسلامییەیە تاکوو کەسانی دوورخراو و پەراوێزخراوی ئەمڕۆکە بتوانن بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە.

٣. کۆماری ئیسلامی بە پەرەدان بە کەشی سەرکوت و زەبروزەنگ، تاڵ کردنی ژیان بۆ زۆرێک لە لاوان و بێبەشکردنیان لە هەوڵ دان بۆ بنیاتنانی ژیانی خۆیان و دژایەتی کردن لەگەڵ هەر شتێک کە هیوایەک بە ژیان دەبەخشێت و داهاتوویەکی ڕون بۆ لاوان دەنەخشێنێ، بەستێنێک دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی کە کەسانێکی بەرچاو پەنا بۆ مادە هۆشبەرەکان بەرن. لەمڕووەوەیە کە کەسی گیرۆدەبوو دەبێ وەک قوربانی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییە چاوی لێ بکرێت کە ڕژیمی ئیسلامی بەرپرس و خوڵقێنەر و پارێزەرێتی. هەوڵ و هەنگاوەکانی ئەم ڕژیمە بۆ درووستکردنی ناوەندگەلێک بۆ ڕاگرتنی گیرۆدەبووان، هیچ شتێک لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە، بەو پێیەی کە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر وەک خۆی نەگۆڕ دەمێنێت و کەسی گیرۆدەبوو دوای ماوەیەک مانەوە لەم ناوەندانە سەرلەنوێ لەگەڵ هەمان ئەو دۆخ و گرفتانەی وەک هەژاری و بێبەشی کە ڕژیمی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگایدا داسەپاندووە، ڕووبەڕوو دەبێتەوە و پەنا دەباتەوە بەر مادە هۆشبەرەکان.

٤.لەمڕووەوە خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی مادە هۆشبەرەکان گرێدراوی خەباتە لە دژی کۆماری ئیسلامی و ئەو نیزامەی کە خۆی هۆکاری بەرهەمهێنانەوەی هەلومەرجێکە کە تێیدا مرۆڤەکان بەشێوەگەلی جۆراوجۆر دەکاتە قوربانی، واتە ئەم هەلومەرجەی کە ئەم ڕژیمە بەرگری لێ دەکات. خەبات لە دژی ئەم ڕژیمە و خەبات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە زیانبەخشەکانیی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکان، تان و پۆی یەک خەباتی دیاریکراو و گشتگیرە. ئەم خەباتە دەتوانێ ئاسۆیەکی گەش بە ڕووی لاواندا بکاتەوە. ئەوان لەژێر تیشکی ئەم ئاسۆ هیوابەخشەدا ئەو بەستێنە دەدۆزنەوە کە لە جێگەی خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر دژوارییەکاندا، ڕێگەی خەبات و لەناوبردنی هۆکارەکانی ئەم کارەساتە هەڵبژێرن.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر ئەم ڕاستییانە، خەبات لە دژی دیاردەی گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە کوردستان وەک پرسێکی جدی چاو لێ دەکات و بەم مەبەستە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو ئەمە بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت کە خستنە ڕێی جوولانەوەی گشتی بۆ بەرەنگاری لە دژی ئەم دیاردەیە بخاتە دەستوری کاری خۆیەوە.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی
بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢

## بڕیارنامە سەبارەت بە پێویستی یەکگرتووی چەپ لە کوردستان

بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، کە بنەڕەتیترین تایبەتمەندیەکەی بریتییە لە پەرەسەندنی نارەزایەتییە بەربلاوەکانی کرێکاران و باقی بێبەشان و خەڵکانی زوڵم لێکراو، بە لەبەرچاو گرتنی ڕوون بوونەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان و هەروەها بە سەرنجدان بە نزیک بوونەوەی کۆمەڵگای ئێران لە ئاخێزێکی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە، شکڵ پێدان بە جەمسەرێکی ڕێکخراو و بەهێزی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان، لە هەموو کات زیاتر بووەتە پێویستیەکی حاشا هەڵنەگری خەبات. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و ڕۆڵی مێژوویی کۆمەڵە وەک بەستێنی سەرەکی ڕەوتی چەپ و سۆسیالیست لە کۆمەڵگای کوردستاندا، و بە سەرنجدان بە بەهێزکردنی بزوتنەوەی چەپ وەکوو سەرەکیترین ئەولەویەتی ڕەوتی ئێمە لە ئێستادا، کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە لە درێژەی هەوڵەکانی تاکوو ئێستای، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جارێکی تر دەخاتە دەستووری کاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە.

یەکەم- گرتنەبەری ئاراستەی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی چەپ، لەسەر ئەساسی کردەوەی هاوبەش و بیروڕای جیاواز. ئەم جۆرە لە ئاراستەیە دەکرێ لە ڕێگای سمینار، کۆڕ و کۆبونەوەی گشتی و پێوەندی بەردەوام، بەدواداچوونی بۆ بکرێ تا لە لایەک بە یەکدەنگی و هاوڕابوون لەسەر کۆسپەکانی بەردەم شکڵپێدان بە بەرەیەکی چەپ و کردارێکی یەکگرتووانە و خەباتێکی کاریگەر بگەین و لە لایەکی ترەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کۆسپانە هەنگاوی کرداری، ڕاستەقینە و هاوبەش لە دەستوری کارماندا دابنێین.

هەر لەم پێوەندەدا ئێمە هەموو ئەو هێز و هەڵسوڕاوانەی کە خۆیان بە بەشێک لە ئاراستەی چەپ و سۆسیالیستی لە کوردستان دەزانن بۆ هاوکاری، دیالۆگ و هەنگاو گەلی کرداری بانگەواز دەکەین.

دووهەم- دوورکەوتنەوە لەو کردەوانەی کە بەستێنی یەکگرتوویی لاواز دەکا، هۆکاری پەرتەوازەیی نێوان هێزەکان و هوڵسوڕاوانی چەپ خۆش دەکا و پێک هێنانی ڕێکخراوێکی بەهێز و بەربڵاو لەگەڵ کۆسپی جدی بەرەوڕوو دەکات. لەوانە ڕەخنە گرتن لە فەرهەنگێک کە خاڵە هاوبەشەکانی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەبەرچاو ناگرێ و بەردەوام جیاوازییەکان بەرجەستە دەکا و ئەوە بە هۆکارێکی "پاساوەهەڵگر" بۆ پەرتەوازەیی ئەم هێزانە دەزانێ. فەرهەنگێک کە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی وەکوو ئامرازێک بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن "خەباتی ئیدۆلۆژیک" چاو لێدەکات نەوەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی گۆرانکاری و بەرەوپێش بردنی خەبات و هەڵسوڕانێکی ئاکامداری کۆمەڵایەتی. کۆمەڵە خۆی بە بەرپرسیار و مەسئوول دەزانێ کە لە هەردوو مەیدانی تئۆری و پراکتیکدا ڕەخنە لەم فەرهەنگە سیاسی و شێوەکارە بگرێ، تاکوو هەم ڕێکخراوی حیزبی بەهێز بکا و هەمیش هەوڵ بۆ پێکهێنانی خەباتێکی یەکگرتووی بەربڵاوی کاریگەر بدات. ئەم شێوە کارە لە ئاستی سەرتاسەریشدا دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و بەهێز بوونی سیاسەتی حیزب لەم پێوەندەدا.

سێهەم- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی جەمسەرێکی چەپ لە کوردستان هەمیشە بەشێکی گرنگ بووە لە ئامانجەکانی ڕەوتی ئێمە. بەڵام هەوڵەکانی تاکوو ئێستا بەهۆی ئەو فەرهەنگەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا و هەروەها بەهۆی کێشەکانی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەداخەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەدیووە. کنگرە بە ڕەخنە گرتن لە کۆسپەکانی بەردەم هەوڵەکانی تاکوو ئێستای ئێمە لەم بابەتەوە، هەروەها بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستای کۆمەڵگا هەوڵ بۆ گۆڕانکارییەکی جیدی و ئەرێنی لەم بابەتەدا دەخاتە دەستووری کاری کۆمەڵەوە.

چوارەم- ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەو سیاسەت و بڕیارانەی ڕابردوو کە بە کردەوە کۆسپ بوون لەبەردەم ڕێکخراوبوونی هەڵسوڕاوانی چەپ. لەم پێوەندەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو کۆنگرەی ١٨ ئەو سیاسەت و بڕیارە دەداتە بەر ڕەخنە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ی میلادی بووە هۆی وەلانانی کۆمەڵێک لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە کە لە ژێر ناوی "فراکسیۆنی هەڵسوڕان بە ناوی کۆمەڵە"وە بوونی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر "ڕەوەندی سۆسیالیستی کۆمەڵە"یان پێکهێنا. سەرەڕای هەر ڕەخنەیەک کە لە شێوەی هەڵسوڕانی ئەو هاوڕێیانە لەو سەردەمەدا بوومانە، بڕیاری دەرکردنیان بە پێچەوانەی سیاسەت و هەوڵەکانی کۆمەڵە بۆ ڕێکخستنی هەڵسوڕاوانی چەپ بووە. ڕەخنە لە شێوازی هەڵسوڕانی ئەو هاوڕێیانە، دەکرا لە چوارچێوەی پێوەرە حیزبییەکان و بە تایبەت پێداگری لەسەر قەبووڵی فرەیی بیروڕای سیاسی و کاری هاوبەشی حیزبی چارەسەر بکرێ. لەو ڕووەوە کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە، وێڕای بەهەڵە زانینی ئەو بڕیارە، کە لە فەرهەنگێکی ناکارای سیاسی بەسەر هەڵسوڕاوانی ئێمەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە چوار چێوەی هەنگاوە بەربڵاوەکانی خۆیدا بۆ وڵام دانەوە بە پێویستی شکڵ پێدان بە بەرەیەکی ڕێکخراوی چەپ، بە شێوەی دیاریکراو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە دەکەوێتە گفتوگۆ و دیالۆگەوە.

کۆنگرەی ١٨ی کــــــــــۆمــــــــــەڵــــــــــە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی
بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢

***

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٠-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ١٤٠٠-فێورییە ٢٠٢٢

# ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٨




## ئەلف: جیهانی سەرمایەداری و ئاستەنگەکانی بەردەمی

١- ڕەوتی داڕومانی سیستەمی سەرمایەداری: زۆر لەمێژە گەنگەشەی "کۆتایی مێژوو" و هەروەها بابەتی هەمیشەیی بوونی سیستەمی سەرمایەداری کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٠ و دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت ببووە وێردی سەرزمانەکان، بۆتە بڵقی سەر ئاو. ئەوەی کە ئێستا بەرچاو دەکەوێت، سیستەمێکی جیهانی قەیراناوییە کە بەهۆی ناکۆکی و دژبەیەکی بنەماییەوە نەک تەنیا هەر خۆی، بەڵکوو تەواوی جیهانی لەگەڵ مەترسی لەناوچوون بەرەوڕوو کردۆتەوە. سیستەمێکی کە بڕیار بوو "کۆتا قۆناغی مێژوو" بێت، ئێستا ئاسۆی مانەوەی لە هەمیشە لێڵ و نادیارترە.

زلهێزەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە گەرمەی داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی ئەو شتەی کە پێی دەوترا جیهانی دوو جەمسەری، بە گومڕاهی و متمانەبەخۆییەکی تایبەتەوە دەستپێکی "نەزمی نوێی جیهان"یان ڕاگەیاند. وەک ئەوەی کە ئیتر هیچ هێزێک توانایی ئەوەی نییە کە هەژمونی سیستەمی سەرمایەداری، ڕەوایەتی جیهان بینی لیبڕایستی و کارامە بوونی ئابووری بازاڕی ئازاد بەرێتە ژێر پرسیار و یان ببێتە بەدیل و جێگرەوەی. دوای تێپەڕ بوونی سی و چەند ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی بەناو "سەرکەوتن" و کۆمەڵێک کارەساتی وێرانکەر کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ژێر ناوی دوکترینی "نەزمی نوێی جیهانی" ئەزموون کرد، ئیتر گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەوەی ئێستا دەیبینین ڕەوتی داڕمان و ڕوو لەناوچوونی ئەم سیستەمەیە، نەک هەمیشەیی و هەتا هەتایی بوونی. قەیرانە یەک لە دوای یەکە ئابوورییەکان بە تێپەڕ بوونی کات بوونەتە هۆی لێک ترازان و لێک هەڵپچڕانی کۆی " دیسکۆرسی" دیموکڕاسی لیبڕالی و داڕمانی ئەو شتانەی کە وەک بەهای ئەو جۆرە دیموکڕاسییە پێناسە دەکرا. ئەو بەهایانەی کە دەبێتە هۆی قووڵ بوونەوەی کەلێنی چینایەتی، بەهێزکردنی فەرهەنگی دژە ژن، زیاد بوونی نەژادپەرەستی، دەرکەوتنی ڕەوتە ڕاستە فاشیستییەکان، هاتنە سەرکاری گروپە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان و هتد. جگە لەوانە، سیستەمی سەرمایەداری لە نوێترین دەستکەوتیدا دژوازییەکانی گەیاندۆتە لوتکە، بەجۆرێک کە سەرانی ئەم سیستەمە خۆیان باس لە نزیک بوونەوە لە قۆناغی لە ناوچوونی کۆی ژیان لەسەر گۆی زەوی دەکەن. جبەخانەی چەک و چۆڵی کۆ کوژی، کە لە ئاکامی جەمسەرگیرییە نوێیە جیهانییەکان پەرەیان سەندووە، ئەم پرۆسەیەی خێراتر کردووە. لەگەڵ تەشەنە سەندنی ئێپیدمی کۆوید-١٩ و گیان لەدەستدانی پێنج ملیۆن مرۆڤ بەهۆی ئەو نەخۆشییە ماڵ وێرانکەرەوە، قەیرانی "ئێپیدمیۆلۆژیک" واتا " گشتگیرناسی"یش بە لیستی قەیرانەکانی ئەم سیستمە زیاد بووە. قەیرانێک کە دەکرا زۆر زووتر و بە زیانێکی گەلێک کەمتر تێپەڕ یندرایە، بەهۆی قازانج پەرەستی و گرینگی نەدان بە ژیانی مرۆڤەکان هێشتاش بەردەوامە. سەرەڕای داوای بەردەوامی ڕێکخراوی تندرووستی جیهانی بۆ گشتگیر کردنی فۆرمۆلی دروست کردنی واکسێن لە هەموو وڵاتەکاندا و بە تایبەت لە وڵاتە هەژارەکان، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دۆزەرەوەی واکسێنی کرۆنا خۆیان لە قۆرەخکاری نەبوارد و ئێستا دەبینین کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی زۆربەی خەڵک دۆزی سێهەمی واکسێنیان لەخۆیان داوە بەڵام دەرسەدێکی زۆر کەم لە خەڵکانی وڵاتانی هەژار بەرامبەر بە کۆرۆنا واکسێن کراون و ئەو نایەکسانییە لە دابەشکردنی واکسێن بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆری جیاوازی وایرۆسی کۆرۆنا و بێتوانای لە کۆنترۆڵ کردنی ئەو پەتایە لە گشت جیهاندا. ئەم قەیرانە تەنیا بە کارەساتی مردنی ملیۆنان کەس کۆتایی نایەت، بەڵکوو ئاکامە زیانبارەکانی دواتر لە شکڵی بێکاری بەرین، زیانە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا دەردەکەوێت. ئاسەواری قەیرانی ئابووری کە نەخۆشی جیهانی کۆرۆنا بووە هۆکاری تەشەنە سەندنی لە هەمووکات زیاتر لەسەر شانی چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتی کۆمەڵگا قورسایی دەکا و ئەو قەرزە میلیاردیانەی کە دوڵەتەکان بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان بەخشی بۆ ئەوەی بەر بە کەوتن و دارمانیان بگرن، لە گیرفانی کرێکاران و لە ڕێگای باجی دەوڵەتی و ماڵیاتەوە دەدرێ. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە لابردنی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بکرێ کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەپێی بەرنامە نئۆلیبرالیستییەکان بە کردەوە دەرهاتوون و بوونە هۆکاری گەلێک کارەساتی مرۆیی گەورە.

٢- فرە چەشنی و ئاڵۆزبوونی شێوەکانی چەوساندنەوە و ڕەنگدانەوە سیاسییەکەی:

لەگەڵ نیشتنەوەی کەف و کوڵی سەرکەوتنی سەرمایەداری وەک باشترین سیستەمی کۆمەڵایەتی و کۆتا قۆناغی مێژوو، بزوتنەوە گەلێکی نوێ سەریان هەڵداوە کە بە چالاکییە " پێکهاتە" شکێنییەکانی خۆیان مزگێنی دەستپێکی کۆتایی ئەم سیستەمە وەک کۆتا قۆناغی مێژوو دەبەخشن. یەکێک لە بەرچاوترین ئاکامەکانی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری لە چەشنی پێشکەوتووەی ئێستای، فرە چەشنی شێوەکانی چەوساندنەوەیە کە هەر بەو پێیەش ئاستی خەبات و ناڕەزایەتییەکان لە دژیشی بەربلاوتر بووە. ئەگەر بەپێی سوننەت سیستەمی سەرمایەداری بە چەوسێنەری کرێکاران و باقی حقوق بگیرانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، بە تایبەت لە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان، دەناسرا کە بەگوێرەی نەزم و یاسا و ریسایەکی تایبەت، لە جۆری بەشە بەرهەمهێنەرە لێک جیا کراوەکان، خاوەنکارە ناسراوەکان، گرێبەستە دیاریکراوەکان و کات و شوێنی کاری دیاری کراو خۆی نیشان دەدا، ئێستا بەشێکی بەرین لە هێزی کار لە پێکهاتە لێکنەچووە ناجێگیر و بێ دەوامە پیشەییەکاندا دەچەوسێنەوە. پێکهاتەیەکی کە هۆکارەکانی فرەچەشنی چەوساندنەوەیان بەربلاوتر لە شێوە سوننەتییەکەی دابین کردووە و هەر بەو پێیەش جەماوەرێکی بەرینتری لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی هەژاری و کۆیلایەتی کردووە. ئەم هەلومەرجە چەند دەیەییە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی توێژێکی بەرین لە هێزی کار لە هەموو بەشەکانی جیهان و لە ئاستی جیاوازی پیشەییدا، کە هەلومەرجی ئەوان تەنانەت گەلێک لە هەلومەرجی پیشەیی کرێکاران و حقوق بگیرانی سوننەتیش خراپترە. ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە، کە بە "بۆمبی کۆمەڵایەتی" ناودێر کراون و گەورەترین مەترسین بۆسەر سیستەمی ئێستا، لە نێوان خۆ سەرقاڵ کردن بە کارێک کە هی خۆیانە، کاری کورت ماوە و بێ گرێبەست و گرێبەستی کورت ماوەدا سەرگەردانن و بەدوور لە بازاڕی کاری ڕەسمی و بەبێ هیچ ئاسۆ و هیوایەک و هەست کردن بە نامۆییەکی قووڵ لەگەڵ شوێنی کار و ژیان خەریکن ژیان بەسەر دەبەن. تەواوی ئەو کەسانەی سەر بەم توێژە کۆمەڵایەتییەن لەمەڕ بێ شوناسی ئازار دەچێژن و هەستکردن بە مەترسی لەبابەت داهاتوویان و هەروەها نەبوونی پێداویستی سەرەکی وەک بیمەی دەرمانی، پشوو، پەروەردە و مووچەی خانەنشینی، بەردەوام ڕەنج و ئازارەکەیان پەرە پێدەدات. لە هەلومەرجێکی ئاوا دایە کە ئەو کەسانە ناچار دەبن بچنە ژێرباری کاری کورت ماوە بەبێ ئەوەی لە هیچ ئیمکاناتێکی پاراستن و بیمە بەهرەمەند بن و مافی کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنکاریان هەبێ و لەگەڵ تەواو بوونی کارێک بکەونە شوێن کارێکی تر.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک تەنیا لە ئامریکا نزیک بە ٥٥ میلیۆن کەس لە وەها هەلومەرجێکدا خەریکی پەیدا کردنی بژێوی ژیانن. هەروەها ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە بەهۆی دوور بوونیان لە بازاری کاری ڕەسمی و هەروەها بەهۆی نەبوونی پێوەندی بەردەوام لە نێوان ئەندامەکانیدا، زۆر پرش و بڵاون و خاوەنی هیچ ڕێکخراوە و شێوە خەباتێکی دیاری کراو نین و تەنانت هەلومەرجی خۆشیان بە درووستی دەرک ناکەن. لەچاو ئەو کرێکارانەی کە کاری سوننەتیان هەیە ، ئەندامانی ئەم بەشە لە چینی کرێکار، هیچ شتێکیان بۆ لەدەست دان نییە و ناڕەزایەتیەکانیان لە بنەڕەتدا نە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئێستایانە و نە بۆ زیاد کردنی ئەو دەستکەوتانە و نە بۆ بەخەمەوە بوونی ئەوەی کەلەدەستیان داوە، بەڵکوو زیاتر بۆ ئەو شتەیە کە هیچکات نەیانبووە، بەڵام بەمافی خۆیانی دەزانن کە هەیانبێت. لەم ڕووەوە هەڵچوون و ئاخێزەکانیان گەلێک ناهەماهەنگە و تێکەڵاوێکە لە هەستکردن بە نابەرابەری و داخوازی گەلێکی زۆر و لە هەمان کاتدا بێ هیوایی. ئەم هەلومەرجە بۆتەهۆی کردەوەگەلێکی چاوەڕوان نەکراو، بێ بەرنامە، بێ ئامانج و زۆرجاریش کاردانەوە و پەرچە کردار. هەر بەم هۆیەوە ئەندامانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە بەرچاوترین هێزی پێکهێنەری ئەو ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتیانەن کە بە داگیر کردنی شەقامی شارەکان و هێرش بۆ سەر دامەزراوە ماڵی و دەوڵەتییەکان لە ئاستێکی بەرینی جەمارەیدا نەک تەنیا شێوازی ڕێکخستنی نئۆلیبرالی ئابوورییان لە چەند دەیەی ڕابردوودا تووشی ئاڵەنگاری کردووە، بەڵکوو بە کردەوە بنەمای سیاسی و ئیدۆلۆژیکی سیستەمی سەرمایەدارییشیان بردووەتە ژێر پرسیار. بزوتنەوەگەلێکی وەک ٩٩ لەسەدەکان، بزوتنەوەی هێلەک زەردەکان لە فەڕانسە، ناڕەزایەتییەکانی دژ بە نژادپەرەستی و هەروەها ناڕەزایەتییەکانی ناسراو بە "بەهاری عەرەبی" نمونەگەلێکن لەو ئاخێزە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشی هەرەزۆریان لە لایەن ئەم توێژە کۆمەڵایەتییەوە وەڕێ خراون. لە ئێران بوونی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە کە زۆرتر بە "پەراوێز خراوەکان" پێناسە دەکرێن بۆ نموونە لە ئاخێزەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨ دا گەلێک بەرچاو بوو.

٣- جێگە و پێگەی خەباتی چینایەتی کرێکاران بە دژی سەرمایەداران:

چینی کرێکار لە ئاستێکی جیهانیدا بەشێکی بەرچاو لە نارازیانی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان پێک دەهێنن. خەباتی کرێکارانی ڕێکخراو لە یەکێتیە کرێکارییەکاندا، لە دژی سەرمایەداران و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە بە پانتایی گشت جیهان لە ئارادایە و لە هەمان کاتدا سۆزی بەرینی بیرورای گشتی ئەو کۆمەڵگا نابەرابەرانەی وەک ئوروپا و ئامریکاشی بەرەولای خۆی ڕاکێشاوە. پەرەسەندنی خەباتی کرێکارانی مافخواز لەدژی نابەرابەری و کەلێنی قووڵی چینایەتی، حەقدەستە نزمەکان، شوێنی مەترسیداری کار، هەڵاواردن و زەخت و زۆر لە ناوەندەکانی کار، هێشتاکەش لەزومرەی ئاڵەنگارییە چارەنووس سازەکانی بەردەم جیهانی سەرمایەدارییە. بۆ نموونە لە هەناوی ئەم خەبات و هاوەردییەدا دیاردەیەی وەک "بێرنی سەندێرز" لە ئامریکا سەری هەڵدا. بێرنی سەندێرز لە ساڵی ٢٠١٦دا وەک سێناتۆرێکی سەربەخۆ و ئەندامی حیزبی دێموکرات هاوشانی هێلاری کلینتۆن خۆبەخشانە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئامریکا بەربژێر کرد. سەندێرز لە ئامریکایەکدا کە خاوەنانی سەرمایە، ڕاگەیاندنەکانی خەتی ڕەسمی و ناوەندەکانی پەروەردە و بارهێنان بە درێژایی چەندین دەیە بە بڵاو کردنەوەی درۆ و بەلاڕیدا بردنی ڕاستییەکان، "سۆسیالیزمیان وەک ئەندێشە و سیستەمێکی وێرانکەر و زیانبار وێنا کردبوو "، خۆی بە سۆسیالیست پێناسە کرد. هەموو کۆنسێرواتیوەکان، ڕاستڕەوەکان، ڕەگەزپەرەستەکان و فاشیستەکان، لەوانە دۆناڵد ترامپ و ڕاگەیاندنەکانیان وتیان و نووسیان کە سەندێرز بە خۆ پێناسەکردنی وەک سۆسیالیستێک بەکردەوە بەستێنەکانی کۆتایی ژیانی سیاسی خۆی هەموار کرد. بەڵام ئەوان لەوپەڕی ناباوەڕیدا لەگەڵ ملیۆنان دەنگ بەو "سۆسیالیزمەی" سەندێرز بانگەشەی بۆ دەکرد بەرەوڕوو بوونەوە.

بە پێی ڕاپرسییەکی کە لە ٢٨ وڵاتی گەورەدا کراوە، بە شێوەیەکی ڕێژەیی ٥٦٪ ی بەشداە بووانی ئەو ڕاپرسیە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە "سەرمایەداری کارایی نییە". ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست کە وەک زمانحاڵی سیاسی سەرمایەدارە زەبەلاحەکان دەناسرێ، لە ١١ی دیسامبری ٢٠٢١ دا نوسیویەتی کە "کرێکاران لە ساڵی ٢٠٢١ دا خەبات و ناڕەزایەتی و مانگرتنگەلێکی گەورەیان بەڕێوە بردووە". ئەم ڕۆژنامەیە ئاماژە بە ٢٤١ مانگرتنی گەورەی کرێکاریی لە ئامریکا دەکات کە ٥٨ مانگرتنیان تەنیا لە مانگی نوامبردا ڕوویان داوە. ئەو مانگرتنانە لە لایەن ئەو کرێکار و مامۆستا و پەرستاراانەوە لەدژی شیرکەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی چالاک لە کەرتەکانی بەرهەم هێنانی خۆراک، پەروەردە و بارهێنان، بەرهەم هێنانی ماشێن، یارییە ئۆنلاینەکان، ڕێستورانتە زەنجیرەییە نێونەتەوەیەکان و هەروەها کۆمپانیاکانی دامەزراندنی کرێکاران لە کەرتی تەندرووستیدا بەڕێوە چوون کە لەناو یەکێتیەکاندا ڕێکخرابوون . مانگرتووان لە ئاکامی خەبات و ناڕیزایەتییەکانی خۆیاندا توانیویانە خاوەنان و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و ناوەندە زەبەلاحەکانی کار ناچار بکەن کە حەقدەستەکانیان زیاد بکەن، پشووی نەخۆشی بە کرێکاران بدەن بەبێ ئەوەی حەقدەستەکانیان لێ ببڕدرێت و هەروەها شوێنی کار و هەلومەرجی کاریان بۆ باشتر بکەن. لە ئاکامی ئەم خەبات و ناڕیزایەتییانەدا یاسا دانەرانیش ناچار بوون کە یاساگەلێک لە بەرژەوەندی کرێکاران دەر بکەن.

٤- ئاسۆی سۆسیالیزم:

هیچکام لە مۆدێلەکانی



پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٠-نیوەی یەکەمی ڕەشەمە ١٤٠٠-فێورییە ٢٠٢٢

سەرمایەداری ناتوانن وێنایەکی دڵنیاکەرەوە و باوەڕپێکراو لە باشتر بوونی هەلومەرجی ئێستا و هێمای زاڵ بوون بەسەر ئەو کێشە و گرفتانەی کە داوێنی مرۆڤایەتی گرتووە بخەنە بەرچاو و باس لە داهاتوویەک بکەن کە تیایدا چیتر ئەو کێشەو گرفتانە کە قورسایی ناخەنە سەرشانی بە ملیۆنان کەس. لەم ڕووەوە بۆ زۆریەک لە نارازیانی دژ بە هەلومەرجی ئێستا، ئیتر بابەتەکە پەیوەست نییە بە ئەم یان ئەو شکڵی سەرمایەدارییەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بنەڕەتی مەیل و ئەنگیزەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە کە جیهانێکی ئەولاتر لە سەرمایەداری لە ئاسۆی خۆیادا بەدی دەکات.

ئەگەرچی سۆسیالیزم وەک بەدیلی سەرمایەداری هێشتا نەبووەتە گوتاری چینی کرێکار و ستەم لێکراوان، لەم ڕووەوە ناکرێ قسە لە خاڵی وەرچەرخانی تێپەڕین لە سەرمایەداری بکرێت، بەڵام ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئەم سیستەمە و سروشتی ناڕەزایەتییەکانی دژ بەم سیستەمە خۆی بەستێنی گەیشتن بەو خاڵی وەرچەرخانەیە. ئەزموونە مێژووی و دیالێکتیەکیەکانی گۆڕانی تاکوو ئێستای نیزامە کۆمەڵایەتییەکانیش هەر ئەوەمان پێدەڵێن کە پێوەندییە بەرهەمهێنەرە ناکۆک و دژ بە یەکەکان، لە ناخی یەکتردا دێنە بەرهەم. ئەم ئاڵوگۆڕە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە کە هەنگاو بە هەنگاو دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن. کرێکاران لەم پرۆسەیەدا دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرن و لە کۆتاییدا بە گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەم پەیوەندییە بەرهەمهێنەرانەی ئێستاوە بۆ نیزامێکی شیاوتری کۆمەڵایەتی، سۆسیالیزم وەدی دێنن.

## ب: هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەرفەتەکان و بەربەستەکان

ڕوانگەی گشتی: بەشێوەیەکی گشتی دکرێ بوترێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئەمڕۆکە بۆتە چەق و ناوندی کێشمەکێشەکان و بەریەک کەوتنی بەرژەوەندی زلهێزە جیهانی و خۆجێییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەشدار بوون لە دابەشکارییە جیهانی و ناوچەییەکان. گوشارە سیاسییەکان، کێبڕکێ ئابورییەکان، شەڕە ناوخۆیی و نیابەتییەکان ئامرازێکن لە خزمەت ئەم بەرژەوەنیانەدا. دەسەڵاتە دیکتاتۆرە ناوچەییەکانی وەک ئێران، تورکیە، میسر، عەرەبستان و ئیسڕائیل دەست تێوەردان لە کاروباری ناوچەکەدا وەک بە قووڵایی ئاسایش و ستراتێژی خۆیان دەزانن بەمەبەستی مانەوە و درێژەدان بە حاکمییەتەکەیان لەناو وڵاتەکانی خۆیاندا. زلهێزە کانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، لەوانە ڕوسیە، چین و ئامریکاش لەم ناوچەیەدا بە مەبەستی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری و تەنانەت نیزامیشدا لە ململانێدان . پێکهاتنی بەرە و ڕێککەوتنەکان لەم بوارانەدا گەلێک شکێنەر و کەم دەوامن. لەپاڵ هەموو ئەمانە و لە ئاستێکی دیکەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ بابەتگەلێکی تری وەک توندئاژۆیی ئیسلامی لەشکڵ و شیوازی داعش، تاڵیبان، ئەلقاعیدە، حیزبوڵا، حەشدی شەعبی و هتد... بەرەوڕووین کە سەرچاوەی ئەوپەڕی توند و تیژی و وەحشیگەرییەکن. هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی هێز لەنێوان ئەو هێز و لایەنانەی لە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستیان هەیە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕۆڵی ئەو گرووپانە لەم کێشمەکێشانەی ناوچەکە مومکین نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت ئاماژە بە دوو ڕاستی گرنگی دیکە بکرێت کە بەشێکی ترن لە کێشمەکێشەکانی ناوچەکە. بابەتی یەکەم فەلەستین و بابەتی دووەهەم مەسەلەی کوردە کە لە ناو هەردوو بابەتەکەدا حیزبی سیاسی چەکدار بوونیان هەیە کە بە نۆبەی خۆیان ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە هەیە. هەموو ئەو هۆکارانە لەلایەک و سەرهەڵدانی سەرەتاکانی خەبات و تێکۆشانێکی پێشڕەو و چارەنووس سازی کۆمەڵایەتیش کە بە گشتی لە لاوان پێکهاتوون لایەکی تری ئەم ڕاستییەن.. هێزی ناڕەزایەتی و خەباتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و لوبنان بە کردەوە هاتوونەتە ناو هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە. ئەم هێزە لەگەڵ هەموو خاڵە لاوازەکانی لەلایەنی ڕێکخراوەیی و ڕێبەرایەتیدا، خاڵی جێگەی هیوای گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئەو ناوچەیەیە و دەتوانێ پلانگێڕییە هاوبەشەکانی حکومەتەکان و زلهێزەکان لەدژی کۆمەلانی خەڵک پووچەڵ بکاتەوە.

١_ مەسەلەی کورد: یەکێک لەو کێشە چارەسەر نەکراوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی کوردە. شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕووخان و لەناوچوونی دەسەڵاتی عوسمانی، دابەشکردنەوەی جیهان لەنێوان دەوڵەتانی ئیمریالیستی هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی سەرچاوەی گەورەی نەوتی، ڕووخساری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە تەواوی گۆڕی. دەوڵەتانی داگیرگەری براوەی شەڕ، لە پەیمانی ناسراو بە سایکسپیکۆدا، گەلێک گرفتی چارە هەڵنەگریان بۆ ئەم ناوچەیە لەپاش خۆیان بەجێهێشت. بابەتگەلێکی کە تا ئێشتاش چارەسەر نەکراون و وەک ئێسقانی نێو برین، کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازار دەدات. بێبەش کردنی خەڵکی کورد لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان یەکێک لە قوڵترینی ئەو کێشانەیە. کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە، ستراتێژ، سیاسەت و لایەنگیرییەکانی کۆمەڵەی لەم بوارەدا لە سەنەدێکی جیاوازدا پەسەند کردووە کە هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە دەخرێتە بەردەستی خوێنەران.

٢_ مەسەلەی فەڵەستین: کێشەی فەڵەستین هەتا ئێستاش هەروەک ئێسقانی نێو برین بێ چارەسەر ماوەتەوە. کۆمەڵێک خەڵکیان بە زەبری زۆر و ملهوری لە ئازادی پێکهێنانی دەوڵەتی خۆجێیی خۆیان بێبەش کردووە ، ملیۆنان کەس لەو خەڵکەیان لە زێد و خاکی خۆیان ئاوارە کردووە، پەرژینێکی گەورەیان بەدەوری ئەوانەی کە ماونەتەوە کێشاوە و هەرجۆرە بەرگریەکی عادلانەی ئەوان بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکەن. ئەم ستەمگەرییە ئاشکرایە لەبەر چاوی هەموو جیهان لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ دەربازبوون لێی بەدی ناکرێت. حکومەت و دەوڵەتی ئیسڕائیل، کە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و هیزێکی نیزامی پێشکەوتووی خاوەن چەک و چۆڵێکی زۆر لەناو دڵی ئەم ناوچە گرنگ و پڕ لە کیشەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هۆکاری ئەم ستەمکاریەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل بە وەها تواناییەکەوە، بە حوکمی ئەو هەلومەرجە بەرچاوەی کە تێیدایە، هاوپەمانێکی بەهێز و گرنگە بۆ دەوڵەتی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی. تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتێکی نەژادپەرەست و دینی تێیدا دەسەڵاتدار بێت ئەم وڵاتە بە ناچار لە بەرەی ئامریکادا دەمێنێتەوە. لەم ڕووەوە لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئامریکاوە، ئیسڕائیل وەک هێزێکی پاشکەوتکراوی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتداریێتی لە ئامریکا، دەبێ خاوەنی دەوڵەتێکی یەکڕیز و بەهێز بێت. دەوڵەتی ئیسڕائیل بەپێی دەرکی واقعی ئەو جێگە و پێگەیە ئاشکرایەی خۆی، لەلایەکەوە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئاسایی کردۆتەوە و لەلایەکی دیکەوە بەشێوەیەکی سەرەڕۆیانە خەریکی سەرکوت و داپڵۆسینی خەڵکی مافخوازی فەڵەستینە. دەوڵەتی ئیسڕائیل بەردەوام سیاسەتە سەرکوتگەرییەکانی خۆی بە دژی کۆمەلانی خەڵکی فەڵەستین پەرە پێدەدات و بەردەوامە لە فراوان کردنی شارۆچکە یەهودی نشینەکان لە خاکی داگیرکراوی فەڵەستینیەکاندا و دیوارێکی بەرگری لە نێوان ناوچە فەڵەستین نشینەکان و ئیسڕائیل دا درووست کردووە. بەم جۆرە بەشێکی گەورە لە ناوچە فەڵستینیەکانی بە شێوەی زیندانێکی گەورە لێکردووە. کاردانەوەی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەرامبەر پێشێلکاری مافەکانی خەڵکی فەڵەستین لە ناوچە داگیرکراوەکان، ئاکامێکی جگە لە زیانی گەورەی گیانی و ماڵوێرانی زیاتر بەدواوە نەبووە. خەڵکی فەڵەستین و ئیسڕائیل هیچ بەرژەوەندیەکیان لەم دوژمنایەت و توندوتیژیانەدا نییە. دەوڵەتی نەژادپەرەستی ئیسڕائیل ئەم ڕق و نەفرەتەی خوڵقاندووە و بەردەوامیشە لە برەو پێدان و زیندوو ڕاگرتنی. ئەمە دەوڵەتی ئیسڕائیلە کە هەلومەرجی بۆ سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە ناوچە فەلەستینی نشینەکاندا لەبار کردووە و بۆتە ڕێخۆشکەر بۆ دەست تێوەردانی تێکدەرانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە دۆسیەی عادیلانەی خەڵکی زۆرلێکراوی فەڵەستین. بۆ ڕزگار بوون لەم کوشتار و ماڵوێرانییە ڕێگایەک نییە جگە لەوەی کە خەڵکی زۆرلێکراوی فەڵەستین و کۆمەلانی خەڵکی شەریف و عەداڵەتخواز لە ئیسڕائیل یەکگرتووانە و دەست لەناو دەست لە دژی ئەم ڕژێمە کە مانەوەی خۆی لە پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی فەڵەستین و کوشتن و برینی ڕۆژانەی ئەواندا دەبینێ، دەست بدەنە خەبات و تێکۆشان. خەڵکی زۆرلێکراوی فەڵەستین تەنیا بە یەکگرتن و هاوپەیمانی لەگەڵ کرێکاران و کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش، و هەروەها بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشڕەوەکان لەم وڵاتەدا، بەردەوامی خەباتی یەکگرتووانەی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانی کۆمەلانی خەڵکی شەریف لە سەرتاسەری جیهان دەتوانن ڕێگەیەک بۆ دەرچوون لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە، گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کە لە خاکی خۆیان وەدەرنراون و پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستین لەو ناوچەیەدا، بدۆزنەوە.

٣_ بونیادگەرایی ئیسلامی: ئەم بزوتنەوەیە لە ڕێکخراوگەلێکی وەک ئەخوانولمیسلمین تا داعش و ئەلقاعیدە و هیتر پێکهاتووە، سەرهەڵدان و مانەوە و فراوان بوونی ئەم بزوتنەوانە ڕیشەی لەو هەژاری و هەڵاواردن و ئەو نایەکسانیانەدایە کە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە. ئیسلامییە بناژۆ خوازەکانکان لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیە تاڵە کۆمەڵایەتیانەی سەرەوە و هەروەها نەبوونی جێگرەوەیەکی پێشڕەو و پێشکەوتوو کە توانای ڕێکخشتنی هێزە سیاسی و چینایەتییە نارازییەکانی هەبێت، بوونەتە هێزێکی مەترسیدار بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازی شەڕ و ململانێ "نیابتی" ەکانن، دەشتوانن وەکوو ئامرازی دەستی ئەم یان ئەو زلهێزی جیهانیش دەور بنوێنن. بۆ نموونە داعش لەژێر پەڕ و باڵی ئامریکادا گەشەی کرد، تاڵیبان لە ئاکامی سازشی ئامریکا لە ئەفغانستان دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، حەشدی شەعبی بە چەکوچۆڵی ئامریکا چەکدار بوو، ئیسڕائیل ناڕاستەخو یارمەتیدەری پیکهاتنی حەماس بوو تا ببێتە هۆکاری دووبەرەکی و ببێتە هێزێک لەبەرامبەر ڕێکخراوی ئەلفەتحدا، لە ئێران بە کردەوە چاوپۆشی دەکرێت لە هەڵسوڕانی سەلەفییەکانی کوردستان، تا بەشێک لە لاوان بەم بزوتنەوەیەوە پەیوەست بن بۆ ئەوەی ببنە ڕەقیبێک لە بەرانبەر حیزبە سیاسیایەکانی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا. پشتگیری وڵاتەکان لە پێکهاتنی بزوتنەوە کۆنەپەرەستەکان و یارمەتی دانیان بۆ مانەوە، هاورێ لەگەڵ هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەستێنی سەرەکی درووست بوون و بەهێز بوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەیە و دەیانکاتە مەترسییەکی جیددی بۆسەر کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤_ تورکیە: سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەردۆغان و حیزبەکەی ڕوو لە هەرەس هێنانە و نیشانەکانی دارمان و بەرەو پاشکەوتنی دەرکەوتوون. دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ناوەوە دارزاوە و لە بەرانبەر ئەو قەیران و گرفتە ئابووری و سیاسییانەی کە یەک لە دوای یەک سەر هەڵدەدەن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەردەکەوێت. لەو نێوانەدا قەیرانی ئابووری تورکیە توندتر و قووڵتر بۆتەوە. نرخی دراوی تورکیە لە دە ساڵی ڕابردوودا لەبەرانبەر دراوە جێگیر

| پێشڕەو | کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە | دەبیرخانەی | نوێنەرایەتی کۆمەڵە | تەلەفزیۆنی فەزایی | ڕادیوکان: |
|---|---|---|---|---|---|
| ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە | Add: Sulimania_Zrguez | حیزبی کۆمۆنیستی ئێران | لە کوردستانی عێراق | کۆمەڵە | بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران |
| (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) | Tel: 009647701567854 009647710259353 | C.D.C.R.I | Add: Sulimania-Rzgary | Yahsat 1A | لە سەر سەتەلایتی یاە ست |
| ئێدیتۆر: ئیبراهیم عەلیزادە | E-mail: Peshraw@komalah.org | BOX 70445 | Tel: 3300657 - 3300561 | Freq: 12072 Mhz | بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە. |
| | Web: http://www.komalah.org/ | 10725 | نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات | Position: 52.5° Est | |
| | | Stockholm_Sweden | Tel/Fax: +46-18-46 84 93 | Pol: Vertical | |
| | | Tel/Fax: 4608868054 | E-mail: komala@cpiran.org | Sym: 27500 | |
| | | E-mail: cpi@cpiran.org | | Fec: 7/8 | |
| | | Web: www.cpiran.org | | Web: http://www.tvkomala.com/ | |

و باوەڕپێکراوە دەرەکییەکان بە ڕادەی ٨٠ لەسەد دابەزیوە. دەست تێوەردان لە قەیرانی ئازەربایجان و ناردنی هێزی بەکرێگیراو بۆ لیبی و پشتیوانی لە ڕێکخراوە ئیسلامییە توونڕەوەکانی وەک داعش کە لەبری تورکیە لە سوریە شەڕیان دەکرد، هیچکام نەیانتوانی خزمەتێک بە وەدیهاتنی ئەو ئاواتە پاوانخواز و کۆنەپەرەستانەیەی ئەردۆغان بۆ "زیندوو کردنەوەی خەلافەتی عوسمانی" بکەن. شکستی گرووپە ئیسلامییەکانی نێو بازنەی پشتیوانی دەوڵەتی تورکیە لە سوریە، ڕسواییەکی جیهانی بۆ ئەردۆغان بەدوای خۆیدا هێنا. ئاژاوەگێرییە نیزامییەکانی لە کوردستانی عێراق و سوریە، لە نموونەی ئەو هەولانەیە بۆ سەرپۆش خستنە سەر ناکامییەکان و دوا خستنی ئەو دەرەنجامە حەتمیانەی کە لە دژی دەسەلاتی ئەردۆغان و حیزبەکەی بەڕێوەن. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی نێوان ڕوسیە و ئامریکا، جگە لە زیانی ئابووری و سووکایەتی سیاسی هیچ ئەنجامێکی تری بەدوادا نەهات. بەکار هێنانی پەنابەرانیش وەک کارتی گوشار نەیتوانی گۆڕانێک لە سیاسەتەکانی ولاتانی ئەوروپایی دا بۆ هێنانە ناوەوەی تورکیە بۆناو یەکیەتی ئەوروپا درووست بکات. دەستبەسەر کردنی شارەدار و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە کوردستان، دێموکراسییەکەی دەوڵەتی تورکیەی کردۆتە گاڵتەجاڕێکی ئاشکرا. کۆمەڵگای تورکیە، کۆمەڵگایەکی زیندووە و بێگومان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەرانبەر دەستدرێژی بۆسەر دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، سەر دانانەوێنن. لە تورکیە ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی بەهێز بوونی هەیە کە لە مەیدانی سیاسی و ئابووریدا لە بەرانبەر دیکتاتۆری دەسەلاتدار خۆیان ڕێکخستووە. بزوتنەوەی کرێکاریی تورکیە یەکێک لەو بزوتنەوە بەهێزە کرێکاریانەی جیهانە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی و سێکولار کە کاکڵ و بنەڕەتەکەی پێکهاتووە لە بزوتنەوەی خوێندکاران و کۆمەڵگای ڕۆشنبیری تورکیە و لایەنگرانی چەپ و کۆمۆنیستی تێیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە و بزووتنەوەی خەڵکی کورد لە کوردستانی تورکیە، بنچینە و بناغەی خەباتی ئازادیخوازی و حەقخوازانەیە لەو ولاتە. بزوتنەوەی کوردستان لەم سالانەی دواییدا بەشە پێشکەوتنخوازەکانی تورکیەشی لەگەڵ خۆی خستووە و سەرەڕای ئەو زەبر و زیانانەی کە لەم سالانەدا تەحەمولی کردووە، هێشتاش یەکێکە لە مەترسییە سەرەکییەکان بۆ سەر ئەردۆغان و حیزبەکەی. ناڕەزایەتییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەبن و بزوتنەوە کۆمەلایەتی، چینایەتی و سێکولارەکان ئاسۆیەکی ڕوونیان لەبەرانبەر داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەدا کردۆتەوە.

٥_ سوریە: سوریە زیاتر لە دە ساڵە کە لە ئاگری شەڕدا دەسووتێت. ڕێژەی ئاوارە بوون و وێرانییەکان کارەساتن و لە شەڕی جیهانی دووهەمەوە هاوشێوەکەی نەبیندراوە. شەڕە نیابەتییەکان سەرەڕای کەمبوونەوەی، لە چەند بەشێکی سوریە هێشتاش بەردەوامن. دەوڵەتەکانی ڕوسیە، ئامریکا، ئێران، تورکیە، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتی بەشارئەسەد یاریزانانی ئەم مەیدانە ئاڵۆزەن. ئەگەرچی لەم نێوانەدا ئەوە دەوڵەتی ڕوسیەیە کە قسەی کۆتایی دەکات. بەلام دەوڵەتی ئامریکاش شوێن پێی خۆی لەو ناوچەیە توند کردووە. کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی بە توندی لەژێر گوشاری نیزامی ئیسرائیل دایە، بەلام هێشتاش هێزەکانی بەتەواوی لەو ولاتە نەهێناوەتە دەرەوە. دەوڵەتی تورکیە هەندێک لە بەشەکانی سوریەی بە ئامانجی داگیرکاری هەمیشەیی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. دەوڵەتی بەشارئەسەد ئەگەرچی لەم قۆناغەدا وەکوو دەوڵەتی ڕەسمی سوریە دەناسێندرێت، بەلام لە ئەگەری نەمان و کۆتایی هاتن ە شەڕ و خوێنڕشتنەکان، دووبارە لەگەڵ سەرهەڵدان و شەپۆلی توورەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ولاتە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەمجارە بە دەرس وەرگرتن لە ناکامییەکانی ڕابردوو سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. بزووتنەوەی پێشکەتنخوازی "ڕۆژئاوا" تەنیا ئەستێرەیەکە لە ئاسمانی تاریکی ئەو ولاتەدا هێشتاش ڕووناکی بەخشە و دەدرەوشێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونە بەنرخەکانی دەتوانێت بەشێکی چارەنووس ساز بێت لە ڕەوەندی دیاریکردنی هێزی سیاسی لە سوریە بێت. بزووتنەوەی ڕۆژئاوا ئەگەرچی لە لایەنی جوگرافی و ناوچەی ژێر دەسەلاتییەوە سنووردار کراوە، بەلام ئەم بزووتنەوەیە نەتەنیا هێزێکی نیزامی، کە پشتی داعشی بە دانی ١٢ هەزار قوربانی شکاند، بەڵکوو لەهەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو و بەهێزە کە تێیدا نەوەیەک لە مرۆڤی پێگەیشتوو لە کورەی خەباتێکی کۆمەلایەتیدا پەروەردە بووە. ئەوان بێشک توانایی ئەوەیان هەیە کە تەنانەت لەوەی کە هەتا ئێستا لە شێوەکانی بەڕێوەبەری و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەدەستیان هێناوە ئەولاتریش بڕۆن. لەو ئەزموونە خۆبەڕێوەبەرییەی کوردستانی سوریەدا، بە هیمەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، یاساگەلێکیان لە بواری یەکسانی ژنان و پیاوان و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و یەکسانی یاسایی تاکی سەر بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، دابین کردنی ئازادی بەیان و ئازادییە سیاسییەکان، پێک هێناوە کە هێشتاش دەتوانن بۆ بزوتنەوە نارەزایەتی و مافخوازانەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا جێگای هیوا و هومێد بن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئەم دەستکەوتانە قووڵتر و بەرفراوانتر بکرێنەوە. نابێ ڕێگە بدرێت لەژێر کاریگەری ئەو گوشار و هەڕەشانەی کە مەترسین بۆسەر ئەم بزوتنەوەیە، بەشداری و دەور و نەخشی ڕاستەوخۆی کۆمەلانی خەڵک لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا کەمڕەنگ ببێتەوە. دەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی کۆمەلانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە بەڕێوە بردنی کاروباری کۆمەڵگا جێگیر بکرێت و لەم ڕێگایەوە پێش بگیردرێت بە گەشەی ڕێکارە نا دیموکراتیک و گەندەڵییە ئیداری و ماڵییەکان. لە بواری ئابووریشەوە پێویستە ئاسایش و ئاسوودەیی و خۆش بژێوی کۆمەلانی خەڵک ببێتە ئەولەوییەتی بەرنامە ئابوورییەکان. دیموکراتیک بوون و پێشکەوتنخواز بوونی بزوتنەوەی ڕۆژئاوا، بە درووست لە ئاستێکی نێونەتەوەیی و ئینتەرناسیۆنالیستی دا لەلایەن لایەنگران و بەشی پێشرەو و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای جیهانییەوە پشتیوانی لێکرا. ئەم بابەتی پشتگیری کردنە لە بزوتنەوەی ڕۆژئاوا، بە واتای دەستکەوتێکی بەنرخ و یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی، دەکرێت بەهێزتر بکرێت و پەرەی پێبدرێت.




٦_ عێراق: عێراقی ئێستا، ولاتێکە کە بەپێی ئاماری خودی کاربەدەستانی ئەمریکا لەسەردەمی بەرواڵەت پرۆسەی ئازاد کردنی ئەم ولاتە لەساڵی ٢٠٠٣وە، بە ترلیۆن دۆلار بودجەیان تێدا خەرج کردووە. بەلام بە تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ ئێستاش خاوەنی ژێرخانێکی وێرانە، ولاتێک کە حکومەتەکەی لە ڕیزی یەکێک لە دەوڵەتە هەرە گەندەڵەکانی جیهاندایە. ولاتێک ئەگەرچی لەڕێگای فرۆشتنی نەوتەکەیەوە پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت، بەلام توانایی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا و هتد... بۆ دانیشتووانەکەی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا عێراق ولاتێکە کە بۆتە میدانی دەستێوەردانی ولاتانی دراوسێ و ناوچەکە و گرووپە میلیشیا شیعە بە کردەوە، چارەنووسی ئەم ولاتە دیاری دەکەن. ئەو هەڵبژاردنەی ڕابردوو کە لەلایەن ٧٠٪ی خەڵکەکەی بایکۆت کرا، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق و خەڵکی ناوچەکە دەکاتەوە کە مەگەر دێموکراسی خۆرئاوایی بانگەشەی داهاتوویەکی باشتری لە ڕێگەی سەندووقەکانی دەنگدانەوە، نەدەکرد؟ ئەی کوا بانگەشەی باشتر کردنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەم ولاتە، هەڵبژاردن لەبری ئەوەیکە پێشبڕکێی نێوان لایەنەکان کەمتر بکاتەوە و سندووقی هەڵبژاردن بکاتە پێوەر، بەپێچەوانەوە ئاڵۆزییەکانی قووڵتر کردەوە. بەو پێیەی هەر کام لەم گرووپانە، بە میلیشیای فەرمی و نافەرمییەوە، پاڵپشتی دارایی و نیزامی و لۆجستی خۆیان لەپشتە، هەر بۆیە مەترسی دەستپێکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی ناوخۆیی بۆ دابەشکردنی دەسەلات لە ئارا دایە. نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی سەر شەقام لە ساڵی ٢٠١٩دا سەدان کوژراو و بریندار و زیندانی لێکەوتەوە. گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی ناو پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا بە ساختەکاری و فرت و فێڵ توانییان لانیکەمی دەنگی خەڵک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەم بایکۆتە ئاگایانە و بەربلاوە، هاوکات دەرخەری لاواز بوونی بەرچاوی پێگەی جەماوەریی گرووپە سیاسییەکانی ناو بازنەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنە و هەروەها بەربلاوتر بوونی ئاستی ناڕاەزایەتییە جەماوەرییەکان لە مانگەکانی داهاتوو لە عێراق دا لە دژی هەژاری و باری خراپی ئەمنی نیشان دەدات. زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ولاتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەشدار بوون یان نەبوونی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ درووست ناکات. لەم نێوەندە دا دەوڵەتی ئامریکا هەوڵ دەدات تا بە ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوکاری لە عێراق، هاوسەنگییەک لە نێوان گرووپە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، شکڵ پێبدات، دەسەلاتێکی کە بێگومان بناغەیەکی لاوازی دەبێت. سەرەڕای ئەوانەش ژومارەی ناوەندەکانی دەسەلات کە زۆرینەیان چەکدارن و هەروەها پرۆسەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا کە هەرئێستا دەستی پێکردووە و پەرەسەندنی جمووجۆڵەکانی گرووپی ئیسلامی داعش لە ناوچە سوونییەکان، داهاتوویەکی لێڵ و نادیار دەخاتە بەردەم ئەم ولاتە. خەڵکی عێراق لە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نارازیین و ئەم نارەزایەتییەیان چەندین جار بە ئاگر تێبەردانی ناوەندەکانی سەر بە ڕژێمی ئێران لەخۆیان نیشانداوە. ئاشکرایە کە جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق لاواز بووە و یەکێک لە لایەنە سەرەکییە دۆڕاوەکانی دوایین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران و گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بوون. بەلام بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ و جەماوەری وەگیان هاتوو لە دژی هەلاواردن و گەندەڵی، کە خاڵێکی هیوابەخش و جێگەی ئومێد بوو بۆ درووست کردنی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەم ولاتەو ئێستاش هەروایە، نەیتوانیوە لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە خۆی یەکگرتوو بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە تەنیا خاڵی جێگەی ئۆمێدە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئەم ولاتە. سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق ناوەند و چەقی دەسەلاتی شێواندوو، هەر بۆیە خەڵکی نارازی عێراق نازانن دبێ کام ناوەندی هێز بە بەرپرس و وەڵامدەرەوە بزانن و نارەزایتی خۆیان لە دژی کام ناوەندی دەسەلات دەربڕن؛ بە یاسای بنەڕەتی عێراق، بە کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان، بە کازەمی، بە نووری مالکی، بە سیستانی، بە ڕەوتی سەدر، بە حەشدی شەعبی و... کام ستراتیژییە کە دەتوانێت سەرچاوەی گۆڕانکاری لەم ولاتە دا بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بازنەی دەسەلاتی بە تایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرتەسک بۆتەوە و بەشێکی بەرین لە ناوچە کوردستانییەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتیدایە، لەچەندین لاوە لەأێر گوشاردایە. لەلایەکەوە دەوڵەتی تورکیا بەشێکی ناوچەکانی باشووری ئەم ولاتەی داگیرکردووە و دەیهەوێ سنووری ئەم داگیرکارییەی زیاتر بکات و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێر گوشاری باری قەرزی بانکەکانی تورکیاوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی پێشبڕکێ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا پێشڕەوی کردووە و بوونی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردۆتە بیانوویەک بۆ دەستێوەردانەکانی. دەوڵەتی ناوەندی عێراق ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و بە مەبەستی داگیرکردنی چاڵە نەوتەکان پەنای بردۆتە بەر چالاکی گوماناوی و گوشار درووست کردن لەڕێگای گرووپەکانی حەشدی شەعبییەوە. دەوڵەتی ناوەندی ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدڕالیزمدا دەخاتە ژێر پێی و لە هەمووی گرنگتر ڕێکەوتنێکی بەردەوام بۆ دابینکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بوونی نییە. هەنگاوی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا و هێشتنەوەی تەنیا بەشی ڕاوێژکاری لە عێراق و هەروەها هەرێمی کوردستان، نیگەرانی و مەترسییەکانی لەم ناوچەیەدا لە پێوەند بە بوون و سەرهەڵدانەوەی داعش و هەروەها ناسەقامگیری سیاسی و نیزامی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا درووست کردووە.

لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبردنی خراپ، گەندەڵی ماڵی، ململانێی حیزبەکانی ناو حکومەت لەسەر دابەشکردنی دەسەلات، دابەشنەکردنی مووچەی مانگانەی کارمەندانی حکومی لە پەنا گرانیدا و دەروەها پەرەسەندی هەژاری، بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی گەنجان، بۆتە هۆی درووست کردنی ناڕەزایەتییەکی گشتی لەناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا. ئەم ناڕەزایەتییانە هەر جارە و بە شێوەی ئاخێزی جەماوەریی خۆی نیشان دەدات. زۆرینەی خەڵک چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراق بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کردووە. بە تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ بەسەر هەڵبژاردن، بە هۆی ناکۆکی نێوان لایەنە جیاوازەکان و دەستێوەردانی دەرەکی، هەتا ئێستاش حکومەتی دوای ئەم هەڵبژاردنە، پێکنەهاتووە. ئاڵۆزییەکانی بارودۆخی عێراق، پێشبینییەکانی قۆناغەکانی داهاتووی ئەم ولاتەی ئەستەم کردۆتەوە.

ئێمە لە هەمان کاتدا کە لە خەباتی خەڵکی ئازار چێشتووی عێراق و بەتایبەتی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ باشتر کردنی ژیانیان، پشتیوانی دەکەین، هاوکات هەوڵەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ سەپاندنی دەسەلاتی ناڕەوای بەسەر هەر بەشێکی هەرێمی کوردستانی عێراق و سیاسەتی گوشاری ئابووری و ڕەوانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئیدانە دەکەین. هەروەها بە پێی یەکێک لە سیاسەتە گشتییەکانمان، ئێمە بانگهێشتی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی کردن لە داخوازییە جەماوەرییەکانی خەڵکی حەقخوازی هەرێمی



کوردستان دەکەین و ئێمەش وەک ڕێکخراوێکی دیاریکراو هەموو کات بەشێک لەم پشتیوانییە دەمێنینەوە.

٧_ ئەفغانستان: پاشەکشەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان کە لە دوای ساڵێک گفتوگۆی نێوان ئامریکا و تاڵەبان لە ولاتی قەتەر، ڕوویدا، لەکۆتاییدا بووە هۆی بە دەسەلات گەیشتنی گرووپی توندڕەو و دواکەوتووی تاڵەبان. دەوڵەتی ئەشرەف غەنی کە دەوڵەتێکی لاواز و گەندەڵ و بەکرێگیراوی سەر بە ئەمریکا بوو، لەگەڵ ئەوەیکە خاوەنی سووپایەکی دووسەد هەزار کەسیی تەیار بە چەکی پێشکەوتووی نیزامی بوو، بەبێ هیچ خۆڕاگرییەک، ڕادەستی تاڵەبان کرا. چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئامریکا دوای بیست ساڵ حزووری نیزامی لەم ولاتەدا بەشێوەیەک بوو کە سووپای ئەمریکا تەنانەت نەیتوانی ئیمکانی پاشیکشەیەکی ئاسایی و بەرنامە بۆداڕێژراو بۆ هێزەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی، پێکبهێنێت و شێوازی پرۆسەی دەرچوونی لەو ولاتە بووە هۆی شەرمەزارییەکی گەورە بۆ دەوڵەتی ئامریکا. گەڕانەوەی تاڵەبان بۆ دەسەلات بە مانای ئەوە دێت کە خەڵکی ئەفغانستان لەژێر دەسەلاتی ئەم گرووپە دا پێیان ناوەتە ناو قۆناغێکی دژوارەوە. ژنان یەکەمین قوربانیانی ژێر دەسەلاتی تاڵەبانن. هەلاواردن و دژە ژن بوونی تاڵەبان بە شێوەیەکە کە ڕێگەی گرتووە لە چالاکی و کار کردنی ژنان لە ناوەندە دەوڵەتییەکان، هەروەها چوون بۆ شوێنە گشتیی و خوێندنگەکان و زانکۆکان. چالاکانی بواری ژنان دەستبەسەر و بێ سەروشوێن و تیرۆر دەکات. یاساکانی شەریعەتی ئیسلام یەک لە دوای بەکردەوە دەردێن. هەروەها لە بواری ئابوورییەوە، زۆرینەی خەڵکی ئەم ولاتە لە هەژارییەکی کەم وێنەدا ژیان بەسەر دەبەن مەترسی مردن هەڕیشەیان لێدەکات. هەر بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین جار هۆشداری داوە لە ئەگەری سەرهەڵدانی کارەساتێکی مرۆیی لە ئەفغانستان دا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەرەتاکانی خەبات و بەرگریی لە دژی دەسەلاتی تاڵیبان لە حاڵی شکڵ گرتندایە و نیشان دەدات کە بە هیچ ڕاددەیەک لە بەربەرییەت و دڕەندەیی ناتوانرێت مەیلی گەیشتن بە ئازادی لە کۆمەڵگایەک زەوت بکردرێت.

## ج- ئێران، جێگەوپێگەی ئێستا و ئاسۆی دواڕۆژ

١_ کۆمەڵگای ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاری گەورەی کۆمەلایەتی بەخۆیەوە بینیوە. کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە شێوەی ژیانی جێ مەبەستی خۆی بەسەر ئەم کۆمڵگایە دا بسەپێنێت. شێوازەکانی ژیانی خەڵک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. سەتەلایت، ئەنتەرنێت، تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، مۆسیقا، حزووری ژنان لە یاریگەکان و مەیدانە وەرزشییەکان و ....هتد، چووەتە ناو سەرجەم بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە. مەزهەب بە تایبەتی تا ڕاددەیەکی بەرچاو لە نێوان گەنجاندا کاڵ بۆتەوە و مزگەوتەکان چۆڵ بوون. فەرهەنگ و هونەر لە بوارە جیاوازەکانی وەک مۆسیقا، ئەدەبیات و سینەما دا، چوارچێوەکانی کۆنترۆڵ، سانسوور و ئایدۆلۆژیای ڕژێمیان تێکشکاندووە. هەروەها ژمارەی خوێندکارە دەرچووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە و ژنان لەم بوارەدا پێشەنگن. هاوکات پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێرانیش ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بۆتەوە. ژمارەی دانیشتوانی ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دوو هێندە و نیو زیادی کردووە. شەپۆلی کۆچ کردن لە دێهاتەکانەوە بەرەو شارەکان، زیاتر لە بیست ملوێن دانیشتووی لە پەراوێزی شارەکان، کۆکردۆتەوە، کە زۆرینەیان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن. پەراوێزی شارەکان بەهۆی ئەم ڕێژە زۆرە لە دانیشتووانەوە، بۆتە ناوەندی پەرەسەندنی کێشە و گرفتە کۆمەلایەتییەکان. لەبەرانبەر ئەم گۆڕانکارییە گەورە کۆمەلایەتییانە دا، پێکهاتەی سیاسی، ئایدۆلۆژیا و یاساییەکانی ڕژێم، لەوانە یاسای بنەڕەتی، ویلایەتی فەقیە، شۆڕای نیگەهبان و مەلاکانی نوێژی هەینی کە ئەرکی بانگەشەکاری بۆ پەیامەکانی ڕژێم و بلاوکردنەوەی ناوەڕۆک و مەبەستی ئەوانیان لە ئەستۆیە و باندی گەندەڵ و سەرکوتگەری سوپای پاسداران بە پشتبەستن بە هێز و توانایییەکی نیزامی بەربلاو و دەستپێڕاگەیشتن بە سەرجەم بوارە ئابوورییەکان، وەک پشتیوانی سەرەکی هەموو ئەو دامەرزراوانەی ئاماژەی پێکرا، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیتووە. ئەم دژبەیەکییە، حوکمڕانی کردنی ڕژێمی ئیسلامی بەسەر وەها کۆمەڵگایەکدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەستەم و دژوارتر کردۆتەوە.




٢_ لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، بەردەوام شاهیدی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی گشتی و مانگرتنە کرێکارییەکان لەلایەن ئەو خەڵکانەوە بووین کە لە ئاکامەکانی شۆڕشی ئێران بێ هیوا ببوون. لە کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام خەبات و بەربەرەکانێ لە بەرامبەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادا بووە و خەڵکی ئەم ناوچەیە هیچکات ملیان بە دەسەلاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەداوە. لە ئاستی سەراسەریدا جگە لە نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییە پرش و بلاوەکان لە ماوەی ئەم سالانەدا، شاهیدی چەندین ئاخێزی گەورە و بەربلاوی جەماوەریش بووین:

ئاخێزی دەیان هەزار کەسی لە ساڵی ١٣٧١ لە شاری مەشهەد لە نارەزایەتی بە ڕووخاندی ئەو مالانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێگەپێدراو درووست کرابوون، ئاخێزی جەماوەریی دانیشتوانی شاری قەزوێن لە ساڵی ١٣٧٣ لە نارەزایەتی بە بەپارێزگا نەبوونی قەزوێن، ئاخێزی ساڵی ١٣٧٤ لە ئیسلامشاری تاران لە نارەزایەتی بە گرانبوونی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی، نارەزایەتییەکانی خەڵکی شاری تاران و چەندین شاری تری ئێران لە ساڵی ١٣٧٨ دوابەدوای هێرش بۆسەر زانستگا و داخستنی ڕۆژنامەی ڕەخنەگری " سەلام"، چوار مانگرتنی سیاسی گشتی لە کوردستان هەر لەو سالانەدا، ناڕیزایەتی خەڵک لە دژی ساختەکاری و دەست تێوەردان لە هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ١٣٨٨، ئاخێزی سەراسەری لە پترلە ١٠٠ شاری ئێران لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ لە نارەزایەتی بە بارودۆخی ناسەقامگیری ئابووری و کۆمەلایەتی، ئاخێزی هاوکاتی خەڵکی پترلە ١٥٠ شاری ئێران لە ناڕیزایەتی بە گرانبوونی کتوپڕی نرخی بەنزین لە ساڵی ١٣٩٨، نارەزایەتی بەربلاوی پارێزگاکانی خوزستان و ئیسفەهان و چوارمحاڵ لە ساڵی ١٤٠٠ لە ناڕیزایەتی بە بێ ئاویی و هەروەها مانگرتنە بەربلاوە کرێکارییەکانی وەک، مانگرتنی سەراسەری شۆفیری بارهەڵگرەکان، مانگرتنی درێژماوەی کرێکارانی "هەفت تەپە" مانگرتنی کرێکارانی فوولاد، مانگرتنی کرێکارانی پەیمانیی بەشی نەوت و پترۆشیمی، کرێکانی ڕێگای ئاسن، ناڕیزایەتی و مانگرتنە یەکگرتوو و سەراسەییەکانی مامۆستایان لە پترلە ١٠٠ شار بۆ پێنجەمین جار لە ماوەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنەوە تا کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەز، چەند نموونەیەکی بەرجەستەن لە نارەزایەتییەکان لە ساڵ و مانگەکانی ئەم دواییانەدا.

٣_ لێکۆڵینەوە لەم نارەزایەتییانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەت بەتایبەت لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ بەملاوە چ لە باری پێکهاتەیی بەشدار بووان و چ لە جۆری دروشمەکاندا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی پێکهاتووە. بەشداربووان، کرێکاران و ژنان، دانیشتوانی پەراوێزی شارەکان و بەگشتی بێ بەشترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بوون. دروشمە سیاسی و ئابوورییەکان ڕەنگدانەوەیەک بوون لە دژوارتر بوونی بارودۆخی مادی ژیان. ناڕازییان جەسوورانەتر و هوشیارانەتر لەپێشوو دەرکەوتوون. جۆری نارەزایەتییەکانی دژ بە ڕژیم تا ساڵی ١٣٨٨، لەبنەڕەتدا نارەزایەتی لە چوارچیوەی ڕژیمدا بوون وە ڕژیم بە شیوازگەلێکی فریوکارانە بەشێک لە خەڵکی ڕادەکێشا بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان. لەساڵی ١٣٨٨ بەملاوە و بەتایبەت پاش ساختەکاریی گەورە لە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا، موشرووعییەتی ڕژیم هەرچی زیاتر بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵک کەوتەژێر پرسیارەوە. لە ساڵی ١٣٩٦ بەملاە دەسەلاتی سیاسی بەتەواوی بۆ خەڵک بوو بە بێگانە و مەشرووعییەتی کۆمەلایەتی خۆی لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا لەدەستدا. کەلێنی نێوان جەماوەر و دەوڵەت بەردەوام قووڵتر بۆتەوە. داسەلاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەژێر پرسیارەوە. شانۆگەری هەڵبژاردنەکان و فریکاریی و سەرکوت چیتر تواناییان نەماوە.

- ٤_ هەنووکە کۆماری ئیسلامی لە چەند ڕووەوە لەژێر گوشارگەلێکی بێ وێنەدایە: بەرینبوونەوەی نارەزایەتییە گشتی و خۆپیشاندانە کرێکارییەکان، دارمانی ئابووری، لاوازبوون یاخود لەناوچوونی ژێرخانەکان، لەناوبردنی ژینگە، داخرانی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، بەرتەسکبوونەوەی بازنەی دەسەلات و دوورخستنەوەی بەشێکی بەرچاویی بەرپرسانی ڕژیم لەم بازنەیە، قووڵ بوونەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئامریکا و دەوڵەتەکانی دیکەی ڕۆژئاوا، بەرتەسکبوونەوەی توانای مانۆڕدانی ڕژیم لە درزی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا، لاوازبوونی ئاستی کاریگەریی و هێزی ڕژیم لە ناوچەکە و ئەو ولاتانەی کە بە "هیلالی شیعی" ناو دەبرێن. سەرجەمی ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەستیان داوەتە دەستی یەک و کۆماری ئیسلامیان خستووەتە ناو دژوارترین قۆناغ لە تەمەنی دەسەلاتداریتی خۆیدا.

٥-ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانگەلێکی کارەساتباری لە ئێران خولقاندووە. شاردنەوە و دانی زانیاری و ڕێژە درۆیینەکانی ڕژێمیش نەیانتوانیوە ڕەهەندە بەرفراوانەکانی ئەم ئێپیدیمییە و ئەو زیانە گیانییانەی ڕوو لە هەڵکشانە بشارێتەوە. کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا پلان و سیاسەتێکی دیاریکراوی لە هەمبەر ئەم نەخۆشییە نەگرتووەتە بەر، بەڵکوو خۆی یەکێک لە فاکتەر و هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە بووە. کاتێک کە دەبوو ڕێکار و مەودا کۆمەلایەتییەکان ڕەچاو بکرێن، دەستیان کرد بە ئەنجامدانی نوێژە هەینییەکان، بەڕێوەبردنی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئیسلامی و بۆنەکانی عاشوورا و تاسووعا. ئەو کاتەی کە هەموو ولاتەکان لە بیری دابینکردنی ڤاکسینی دژە کۆرۆنادا بوون، خامنەیی لە دژی ڤاکسینە پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی فەتوای دەرکرد. لە ڕاستیدا ئەم ڕژیمە کۆمەڵگای لە بەرامبەر ئەم پاندێمییەدا بە بێ بەرگری هێشتەوە. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەم پێکهاتە تەندرووستیی و دەرمانییەی هەنووکە تەنانەت نیوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە دۆخی ئاساییشدا دابین ناکات. بەم جۆرەیە کە تا ئێستا بە سەدان هەزار کەس لە ئاکامی ئەم سیاسەتە دواکەوتووانەیەی ڕژیمدا گیانیان لە دەست داوە. بەلام هاوکات کۆرۆنا بوو بە "بەرەکەتێک" بۆ ڕژیمی ئیسلامی و دەرفەتی ئەوەی بەم ڕژیمە دا کە بە شێوەیەکی کاتیش بووبێ مەترسی ئاخێزە جەماوەرییەکان لە خۆی دوور بکاتەوە.

٦-پەیوەندی نێوان دەسەلاتداران و خەڵک گەیشتووە خاڵێکی بێگەڕانەوە. ئێستاکە ژیانی زۆرینەی خەڵک کارەساتبارتر بووە و هەژاری و بێکاری و خەسارە کۆمەلایەتییەکان بەرینتر بوونەتەوە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی کۆمەلایەتیی بەهێزی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان، خانەنشینکراوان و هتد□ لە ئێران و کوردستان بەشێوەیەکی بەهێزتر لە ڕابردوو سەریانهەڵداوە. داخوازییەکانی چینی کرێکار و توێژە ناڕازییەکان بە هۆی هەڵسووکەوتی ڕژێم سیاسی دەبنەوە و سەرتاپای ڕژیم تووشی ئاڵنگاری دەکەن. ئەمە بەم واتایەیە کە قەیرانی سیاسی ڕژێم لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەلومەرجی ئابووری و بژێوی خەڵکەوە هەیە. هەژاریی ئابووری، گەندەڵی دارایی و حکومەتی، لەخوارەوەبوونی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان، بێکاری، ناڕوون بوونی ئاسۆی ژیانی لاوان، هەژاری بێ ئەوپەڕ و کۆچ کردن بۆ دەرەوەی ولات لە هەموو شوێنێک ناوەڕۆکی قەیران و داواکارییەکانی خەڵکی ناڕازی پێک دێنن. هەر بۆیەش جەماوەری بەشدار لەم ئاخێزانەدا لە بێبەشترین بەشەکانی ئەم کۆمەڵگایە، بێکاران، کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، حقوق بگیران و کەم دەرامەت و خەڵکی پەراوێزی شارەکان پێک دێن. بەشداریی بەرچاوی ژنان وەک ستەملێکراوترین توێژی ئەم کۆمەڵگایە لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا، خاڵێکی وەرچەرخانی ترە کە لە خەزەڵوەری ٩٨ بەم لاوە بە شێوەیەکی ئاشکراتر بەرچاو دەکەوێت.

٧-سەرەڕای بەرفراوانبوون و بەردەوامبوونی ناڕەزایەتییەکان، هێشتاکەش ڕێبەرییەک کە متمانەی کۆمەلایەتی بەدەستهێنابێت و وەک بەدیلێک بۆ دۆخی هەنووکەیی هاتبێتە ناو گۆڕەپانی کردەییەوە، سەریهەڵنەداوە. حیزبە سیاسییە چەپ و ڕاستەکانی ئێستاکە لە ئێران، هێشتاکەش نەیانتوانیوە ڕێبەرایەتی ئەم ناڕەزایەتییانە بگرنە دەست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خەباتانە مەتریالی مرۆیی بۆ خولقاندنی ڕێبەرانی ڕادیکاڵ و پێشەنگی ئەمڕۆ و سبەینێی دابین کردووە. لە هەناوی ئەم خەباتانەی لە ئارادان، کۆمەڵێک ڕێبەر و پێشەنگی جێ متمانە سەریانهەڵداوە. مانگرتنە کرێکارییەکان، ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، جووتیاران، بێ ئاوی و ژینگە، ڕێبەڕانێکیان لە ناخی خۆیاندا پەروەردە کردووە کە بە ئاشکرا و ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕژیم و کاربەدەستەکانیدا دەکەونە گفتوگۆوە. شێوازی وتوویژ لەگەڵ دوژمندا فێربوون و بە باشی ساتەکانی بەرەوپێشچوون، پاشەکشە یاخود بەرگریکردن هەڵدەسەنگێنن. گەشەسەندنی وەها ڕەوتێک دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بەدیلێکی ڕادیکاڵ لە بەرامبەر ڕژیمی ئیسلامیدا.

٨- نە دەسەلات بەدەستانی حکومەت و نە تەنانەت ئۆپۆزسیۆنە بورژواییەکانیان، هیچ کامیان پلان و ڕێکارێکی ئابووری ڕوونیان بۆ وەلامدانەوە بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ناڕازی نییە. بەرنامە ئابوورییەکانی هەردوولا لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیاندا لە چوارچێوەی سیاسەتە ئابوورییە نیۆلیبرالیستییەکان و ڕێنوێنییەکانی

# بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە دەربارەی بزووتنەوەی ژنان

یەکەم: ئێرانی ئەمڕۆکە لەژێر دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا بووە بە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ژنان. ئەم ڕژیمە لە ماوەی زیاتر لە چواردەیەی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا هەوڵی داوە تاوەکوو دیوارەکانی ئەم زیندانە گەورەیە بە کەڵک وەرگرتن لە باوەڕە دینییەکان و پەرەدان بە کلتوری کۆن و ژەنگارگرتووی پیاوسالاری بپارێزێت و لەم ڕێگەیەوە بێ مافی نیوەی هاوڵاتیانی ئێران بکات بە بابەتێکی ئاسایی. بەڵام هەر لەم ماوەیەدا ئەم بێ مافییە ئاشکرایە لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خراوەتە ژێر پرسیار و دیوارەکانی ئەم زیندانە بە تێپەڕینی هەر ڕۆژێک زیاتر درزی بردووە، تا ئەو جێگایەی کە ڕژیمی ئیسلامی لە جێ خستنیی بێ مافی ژنان لە کۆمەڵگادا، بێ توانا کردووە. لەمڕووەوە دەکرێ بوترێت کە دیوێکی تری ئێرانی ئەمڕۆکە خۆڕاگری ئەو ژن و پیاوانەیە کە لەم بێ مافییە بێزارن و بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆڕاگری، ئاگری تووڕەیی و بێزاری خۆیان بەتینتر کردووە و لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکاندا بە متمانە بەخۆبوونێکی زیاترەوە دێنە گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوە لە دژی یاسا کۆنەپارێزەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمڕۆکە ئەم خۆڕاگری و ناڕەزایەتییانە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنانیان لە کەشی سیاسی ئێراندا کردووە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر. بزووتنەوەیەک کە لە پاڵ بزووتنەوە ناڕەزایەتی و ڕادیکاڵەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا بووە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شۆڕشی داهاتووی ئێران.

دووەهەم: ژنانی ئازادیخواز لە کوردستان، هاوڕێ و هاوشان لەگەڵ بزووتنەوەی پێشەنگی ژنان لە سەرتاسەری ئێراندا و لەڕێی داهێنانەکانی خۆیانەوە بۆ خۆڕاگری لە دژی یاسا و کلتورە کۆنەپارێزە ئیسلامییەکان، هەنگاوگەلێکی گەورەیان هەڵێناوە. ژنان لە کوردستان لە بوارە جیاوازەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا و لە هەر جێیەک کە ئاماژەیەک لە ناڕەزایەتی و خۆڕاگری هەیە، لە بەشی پێشەوەی ئەم خەباتەدا وەستاون. بە بێ هیچ گومانێک ئەم بزووتنەوەیە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی پیاوسالاری و یاسا ئایینییەکان و بەدیهێنانی خواستی یەکسانی، ناتوانێ لە خواستی ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری جیا بێ. خەبات و خۆڕاگری ئەمڕۆکەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، مەرجی پێشڤەچوون و هاوشان بوونە لەگەڵ باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی سەرمایەداری.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە وێڕای ڕێزگرتن لەم خەبات و خۆڕاگرییە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە:

١. خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە پێشێلکراوەکانی ژنان لەژێر دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی تەنیا پرسی ژنان نییە، بەڵکوو ئەمە پرسی سەرجەم مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانە کە لە ستەم و زەبروزەنگ و نایەکسانیی زاڵ لە ناو کۆمەڵگا بێزارن.

٢. بەدیهێنانی خواستەکانی ژنان بۆ یەکسانی، پێویستی بە جەماوەریبوونەوەی خەباتی ژنانە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ژنان ببێت بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی دەبێ سەرجەم ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاستی ملیۆنیدا بێنە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر سەربەخۆیی ئابووری ژنان و پێداگری بکرێت لەسەر خواست و پێداویستییەکانی ژنان بۆ خۆشبژێوی و ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم خواستانەیان نیشان بدرێت. گەڵاڵەی ئەو خواستانەی کە لە "ڕاگەیاندراوی مافەکانی ژنان"دا هاتووە، ڕێنیشاندەری ئێمەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

٣. کۆسپی بەردەم بزووتنەوەی ژنان لە ڕێی گەیشتن بە خواستەکانیاندا، کۆماری ئیسلامی و ئەو کلتور و یاسا کۆنەپارێزانەن کە ئەم ڕژیمە پارێزگارییان لێ دەکات. لەمڕووەوە وێڕای هاوشان بوون لەگەڵ باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی تردا، ئەرکێکی تریش ڕەخنەگرتن و ڕوونکردنەوەیە لە بابەت ئەو ڕەوتە سیاسیانەی تر کە خەبات و خۆڕاگری ژنان بە تەنیا گۆڕانکاری کردن لە یاسا هەنووکەییەکاندا سنووردار دەکەنەوە.

٤. بە بێ گومان پێکهێنانی ڕێکخراوی ژنان بە مەبەستی جەماوەریتر کردنەوەی بزووتنەوەی ڕگاریخوازانەی ژنان، ئەرکی سەرەکی پێشەنگانی ئەم بزووتنەوەیەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی پێ بدرێت. کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە، کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراویی خۆی ڕادەسپێرێت کە لە پێناو بەهێزترکردنی ئەم بزووتنەوەیە و خەبات و خۆڕاگری ژناندا بەتایبەت لە کوردستان، هەوڵ و هەنگاوی جدی بخاتە دەستوری کاری خۆیەوە
.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢

***

# بڕیارنامەی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە خەباتی یەکگرتووانەی مامۆستایان

١- کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم ئاڵ و گۆڕێکی چارەنووس سازدایە. لەلایەکەوە بێکاری، قووڵتر بوونەوەی کەلێنی چینایەتی، پەرەسەندنی وایرۆسی کرۆنا هاوکات لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانە، لەلایەکیترەوە ناڕەزایەتی، مانگرتنی هەرڕۆژە، نەفرەت و بێزاری لە کۆماری ئیسلامی و هیوا بە کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتە فاشیستییەکەی، وێنایەکە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران. ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان، خانەنشین کراوان، مانگرتن و کۆبوونەوەی سەراسەری و یەکگرتووانەی مامۆستایان لە سەرەوەی خەبات و بەربەرەکانێ لە دژی کۆماری ئیسلامیدان.

٢- بزوتنەوەی ئەمڕۆی مامۆستایان وەک بەشێک لە چینی کرێکار، ڕێکخراوترین و یەکگرتووانەترین بەشی ئەو چینە، لە حەرەکەتێکی سەراسەری و بەردەوامدا بۆ بەدەست هێنانی ماف و داخوازییە ڕەواکانی خۆی تێدەکۆشێت. خاڵی بەهێزی بزوتنەوەی مامۆستایان لەچاو بزوتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی تر بریتییە لە یەکگرتوو بوونی توێژی مامۆستایان و هەبوونی ناوەندێکی ڕێبەریی وەک " شۆڕای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سنفییەکانی فەرهەنگیانی ئێران". بزوتنەوەی مامۆستایان لە ئاست گرتن و زەبەر و زەنگ و هەڕەشەکانی ڕژیمدا بەچۆکدا نەهاتووە و فریوی وادە و بەڵێنییە درۆیینەکانی ڕژیمی نەخواردووە.

٣- داواکاری مامۆستایان بریتییە لە: گەڵاڵەی پۆلێنبەندی، بەرزکردنەوەی حەقدەستی مانگانە، هاوتا کردنی حەقدەستەکان، ئازادی مامۆستایانی دەستبەسەرکراو، فێرکردن و بارهێنای بەخۆڕایی. پشتگوێ خستنی خواست و داواکارییەکانی مامۆستایان، گرتن و زیندانی کردنی هەڵسووڕاوانی پێشڕەوی ئەم بزوتنەوەیە و گەڵاڵەی نیوە و ناتەواو و فریوکارانەی مەجلیس سەبارەت بە "گەڵاڵەی پۆلێنبەندی"، نەیانتوانیوە بزوتنەوەی سەراسەری مامۆستایان خامۆش بکات.

٤- هێزی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان، جگە لە شێلگیری و بەردەوام بوونیان لەسەر ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی هەتا ئێستایان، لە ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوخەباتی بەشەکانی تری بزوتنەوەی کرێکاری، بەتایبەت کرێکارانی ناوەندە پیشەییەکان، لەوانە کرێکارانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و پترۆشیمی، خوێندکاران و بنەماڵەکانیاندایە.

٥ - کۆمەڵە چ لە کوردستان وەک ڕێکخراوێکی چەپ و شۆڕشگێڕ و چ لە ئاستی سەراسەریدا وەک بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خۆی بە پشتیوان و هاوخەباتی بێ درێغ و شێلگیری بزوتەوەی حەقخوازانەی مامۆستایان دەزانێت.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە، وێڕای پشتیوانی و پێداگری لەسەر ئازاد بوونی دەستبەجێی مامۆستایانی بەندکراو و سەرجەم زیندانیانی سیاسی، ڕێزدەگرێت لە ئیرادە و هاوپشتی یەکگرتووانەی مامۆستایان لە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی هەتا ئێستایان لە سەراسەری ئێران و لەوانە بەشداری بەرچاو و چالاکانەی مامۆستایانی کوردستان لەو حەرەکەتە ڕەوا و مافخوازانەیەدا لە ئاست ڕژیمی سەرکوتگەر و جنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا. هەروەها داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ناڕازی کوردستان دەکات چالاکانە و بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە خەبات و ناڕەزایەتی بوێرانەی مامۆستایان پشتیوانی بکەن.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
بەفرانباری ١۴٠٠ی
هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ
مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢



# بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە ژینگە

١. قازانج پەرەستی سیستەم و نیزامی سەرمایەداری هیچ سنوورێکی بۆ نییە، نەتەنیا گەلێک ژیانی مرۆڤەکان لەم ڕێگایەی قازانج پەرەستیدا بەرەو لەناوچوون دەبرێت بەڵکوو ڕەوتی ڕوو لەناوچوونی ژینگە تا ئاستێک پەرەی سەندووە کە بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆسەر داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم گۆی زەوییە.کۆماری ئیسلامیش هەروەک هیزێکی پارێزەری ئەم سیستەمە لەم ڕێیەدا ڕێخۆشکەرە و ئاسانکاری بۆ لەناوبردنی سرووشت و ژینگەی ئێران کردووە. کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری تەندرووستی ئیشارەیان بە پەیوەندی نێوان پیس بوونی ژینگە و تەندرووستی مرۆڤەکان کردووە. وەک نموونە دەکرێت ئاماژە بە زیاد بوونی کەسانی تووش بوو بە شێرپەنجە بکرێت بە هۆکاری بەکارهێنانی نابەجێی ژەهرەکان و پەینە "کود" کیمیاییەکان، یان زیاد بوونی ئاماری گیان لەدەستدان بەهۆی پیس بوونی هەواوە. بەڵام هەروەک لە پرۆسەی سیاسی قازانج پەرەستی ئەم دەسەڵاتە ئیسلامیەدا سەبارەت بە ژینگە و سرووشت چاوەڕوان دەکرێت تەنانەت ئەم جۆرە هۆشداری و ئاگاداریانەش لەلایەن ئەم ڕژێمەوە بە هەند وەرناگیرێت. لێکۆڵینەوە لە ئامارەکان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ژینگە و سرووشتی ئێران تەنانەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە تەندرووستی و لەشساخی هاوڵاتیانیشەوە هەیە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی دەسەڵات نەبووە. بەپێی ژمارەی هاوڵاتیان ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ میلیۆن تۆن زبڵ و خاشاک بەرهەم دێت کە تەنیا و زۆر بەزەحمەت لەسەدا ٥ی دەگەڕێتەوە بازنەی دووبارە بەکار هێنان و "بازیافت"، وە ٩٥ لەسەدی ئەو زبڵ و خاشاکەی ماوەتەوە لە زەویدا دەخرێنە ژێر خۆڵ یان لە سرووشتدا بڵاو دەبێتەوە. ساڵانە ١٢٥ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی ئێران لەناو دەچن. بە پێی پێشبینیەکان هەتا ٥٠ ساڵی داهاتوو ئاسەوارێک لە دارستانەکانی ئێران نامێنێت، بە ئەو جۆرەی پێشبینیەکان ئەگەر ئەم پرۆسەیەی لەناوبردنی ژینگە بەردەوام بێت، لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا پێدەچێت ئێران ببێتە وڵاتێکی بێ بەرهەم و ئاو و دارستان، و هەروەها ببێت بە ناوچەیەکی بیابانی و ڕووتەڵی بێ گژ و گیا.

٢. ئەم پرۆسەیە لە کوردستانیش بەردەوامە کە؛ زیادەڕۆیی لە بڕینەوەی دارەکان، ئاورتێبەردانی دارستانەکان بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش بۆ هێزە سەرکوتگەرەکان، فڕێدانی ناتەندرووستی پاشماوە شارییەکان، درووست کردنی بەنداوی نابەجێ و ناپسپۆڕانە، بیناسازی، درووست کردنی جادە و بەنداو بە نییەت و مەبەستی نیزامی و قازانج پەرستانە، پیس بوونی یەکجار زۆری هەوا بەهۆی پەرەسەندنی بەشێک لە هۆکارەکانی ئالوودە کردنی هەوا و ژینگە،کە دەکرێت پێشیان پێ بگیرێت، وشک بوونی بەردەوامی دەریاچەی ورمێ و زرێبار و هەروەها وشک بوونی گۆماوەکان و هیتر ... نموونەگەلێکن کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکرێت.

٣. بە تێگەیشتن لە وەها کارەساتێک کە ئەمڕۆ و داهاتووی ژینگە بەرەو لەناوچوون دەبات. پارێزەران و هەڵسوڕاوانی ژینگەیی لە کوردستان بە مەبەستی پاراستنی سرووشت لە بەرانبەر ئەم داڕوخاندنانە دەستبەکار بوون. خەڵکی کوردستان فیداکاری و لەخۆبوردەیی بێ وێنەی شەریف باجوەر و هاوکارەکانی لەبیر ناکەن. ئەم هەڵسوڕاوانە هەوڵیان داوە و بەردەوامیشن کە سەرنجی هەمووان سەبارەت بەم بابەتە گرنگە ڕابکێشن و ئەرکی خۆیان بۆ بردنە سەرەوەی فەرهەنگ و کلتووری پێشڕەو لەم بوارەدا بەجێ بگەیەنن. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی مەترسیەکانی سەر سرووشت و ژینگەی کوردستان زۆر لە بازنەی هەڵسوڕان و تێکۆشانی ئەوان گەورەترە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لەهەمان کاتدا یارمەتیدەر بووە و برەو دەدات بە کلتوور و فەرهەنگی پێشڕەو و هەڵوێستی بەرپرسانە لە ئاست ژینگە و سرووشتدا.

٤. کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە وێڕای ڕێز گرتن لە یادی گیانبەختکردوانی هەڵسوڕاوانی ژینگەپارێز و بەرز نرخاندنی لەخۆبردوویی و خەباتی ئەوان بۆ پاراستنی ژینگە، خۆی بە پشتیوانی هەڵوێست و هەنگاوەکانی ئەوان دەزانێت و داوا لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی خۆی دەکات لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ ئەم هەڵسوڕاوانە ڕێگە خۆشکەر بن بۆ هاوکاری و هاوفکری لەگەڵ ئەوان بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بۆ بەرگری و پارێزگاری لە ژینگە و سرووشت بکاتە کلتوور و فەرهەنگێکی گشتی کۆمەڵایەتی.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی
بەرانبەر لەگەڵ مانگی
ژانوییەی ٢٠٢٢

# بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە سەبارەت بە کۆڵبەری

١. قازانج پەرەستی سیستەم و نیزامی سەرمایەداری هیچ سنوورێکی بۆ نییە، نەتەنیا گەلێک ژیانی مرۆڤەکان لەم ڕێگایەی قازانج پەرەستیدا بەرەو لەناوچوون دەبرێت بەڵکوو ڕەوتی ڕوو لەناوچوونی ژینگە تا ئاستێک پەرەی سەندووە کە بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆسەر داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم گۆی زەوییە.کۆماری ئیسلامیش هەروەک هیزێکی پارێزەری ئەم سیستەمە لەم ڕێیەدا ڕێخۆشکەرە و ئاسانکاری بۆ لەناوبردنی سرووشت و ژینگەی ئێران کردووە. کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری تەندرووستی ئیشارەیان بە پەیوەندی نێوان پیس بوونی ژینگە و تەندرووستی مرۆڤەکان کردووە. وەک نموونە دەکرێت ئاماژە بە زیاد بوونی کەسانی تووش بوو بە شێرپەنجە بکرێت بە هۆکاری بەکارهێنانی نابەجێی ژەهرەکان و پەینە "کود" کیمیاییەکان، یان زیاد بوونی ئاماری گیان لەدەستدان بەهۆی پیس بوونی هەواوە. بەڵام هەروەک لە پرۆسەی سیاسی قازانج پەرەستی ئەم دەسەڵاتە ئیسلامیەدا سەبارەت بە ژینگە و سرووشت چاوەڕوان دەکرێت تەنانەت ئەم جۆرە هۆشداری و ئاگاداریانەش لەلایەن ئەم ڕژێمەوە بە هەند وەرناگیرێت. لێکۆڵینەوە لە ئامارەکان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ژینگە و سرووشتی ئێران تەنانەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە تەندرووستی و لەشساخی هاوڵاتیانیشەوە هەیە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی دەسەڵات نەبووە. بەپێی ژمارەی هاوڵاتیان ڕۆژانە زیاتر لە ٥٠ میلیۆن تۆن زبڵ و خاشاک بەرهەم دێت کە تەنیا و زۆر بەزەحمەت لەسەدا ٥ی دەگەڕێتەوە بازنەی دووبارە بەکار هێنان و "بازیافت"، وە ٩٥ لەسەدی ئەو زبڵ و خاشاکەی ماوەتەوە لە زەویدا دەخرێنە ژێر خۆڵ یان لە سرووشتدا بڵاو دەبێتەوە. ساڵانە ١٢٥ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی ئێران لەناو دەچن. بە پێی پێشبینیەکان هەتا ٥٠ ساڵی داهاتوو ئاسەوارێک لە دارستانەکانی ئێران نامێنێت، بە ئەو جۆرەی پێشبینیەکان ئەگەر ئەم پرۆسەیەی لەناوبردنی ژینگە بەردەوام بێت، لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا پێدەچێت ئێران ببێتە وڵاتێکی بێ بەرهەم و ئاو و دارستان، و هەروەها ببێت بە ناوچەیەکی بیابانی و ڕووتەڵی بێ گژ و گیا.

٢. ئەم پرۆسەیە لە کوردستانیش بەردەوامە کە؛ زیادەڕۆیی لە بڕینەوەی دارەکان، ئاورتێبەردانی دارستانەکان بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش بۆ هێزە سەرکوتگەرەکان، فڕێدانی ناتەندرووستی پاشماوە شارییەکان، درووست کردنی بەنداوی نابەجێ و ناپسپۆڕانە، بیناسازی، درووست کردنی جادە و بەنداو بە نییەت و مەبەستی نیزامی و قازانج پەرستانە، پیس بوونی یەکجار زۆری هەوا بەهۆی پەرەسەندنی بەشێک لە هۆکارەکانی ئالوودە کردنی هەوا و ژینگە،کە دەکرێت پێشیان پێ بگیرێت، وشک بوونی بەردەوامی دەریاچەی ورمێ و زرێبار و هەروەها وشک بوونی گۆماوەکان و هیتر ... نموونەگەلێکن کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکرێت.

٣. بە تێگەیشتن لە وەها کارەساتێک کە ئەمڕۆ و داهاتووی ژینگە بەرەو لەناوچوون دەبات. پارێزەران و هەڵسوڕاوانی ژینگەیی لە کوردستان بە مەبەستی پاراستنی سرووشت لە بەرانبەر ئەم داڕوخاندنانە دەستبەکار بوون. خەڵکی کوردستان فیداکاری و لەخۆبوردەیی بێ وێنەی شەریف باجوەر و هاوکارەکانی لەبیر ناکەن. ئەم هەڵسوڕاوانە هەوڵیان داوە و بەردەوامیشن کە سەرنجی هەمووان سەبارەت بەم بابەتە گرنگە ڕابکێشن و ئەرکی خۆیان بۆ بردنە سەرەوەی فەرهەنگ و کلتووری پێشڕەو لەم بوارەدا بەجێ بگەیەنن. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی مەترسیەکانی سەر سرووشت و ژینگەی کوردستان زۆر لە بازنەی هەڵسوڕان و تێکۆشانی ئەوان گەورەترە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە لەهەمان کاتدا یارمەتیدەر بووە و برەو دەدات بە کلتوور و فەرهەنگی پێشڕەو و هەڵوێستی بەرپرسانە لە ئاست ژینگە و سرووشتدا.

٤. کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە وێڕای ڕێز گرتن لە یادی گیانبەختکردوانی هەڵسوڕاوانی ژینگەپارێز و بەرز نرخاندنی لەخۆبردوویی و خەباتی ئەوان بۆ پاراستنی ژینگە، خۆی بە پشتیوانی هەڵوێست و هەنگاوەکانی ئەوان دەزانێت و داوا لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی خۆی دەکات لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ ئەم هەڵسوڕاوانە ڕێگە خۆشکەر بن بۆ هاوکاری و هاوفکری لەگەڵ ئەوان بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بۆ بەرگری و پارێزگاری لە ژینگە و سرووشت بکاتە کلتوور و فەرهەنگێکی گشتی کۆمەڵایەتی.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی
بەرانبەر لەگەڵ مانگی
ژانوییەی ٢٠٢٢

# بڕیارنامە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد وەک مەسەلەیەکی هەرێمی

١. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یەکێک لە ناوەندەکانی قەیرانی سیاسییە لە جیهانی ئەمڕۆ دا. ئەم ناوچەیە بۆتە خاڵی بەیەک گەیشتنی بەرژەوەندیە دژ بەیەکەکانی هێزە ئەمپریالیستی و دەوڵەتە بۆرژوازیە ناوچەییەکان. ململانێ بۆ دەستەبەر کردنی هەژمونی و دابینکردنی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی ئەم زل هێزانە، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی خستۆتە ناو شەڕێکەوە کە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆ و سبەی کۆمەلانی بەرینی خەڵکەوە نییە. ئەم دەوڵەتانە خواستی خۆیان لە ڕێگای لەشکەر کێشی و دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ و هەروەها لەڕێگای شەڕە نیابەتییەکانەوە دەستەبەر دەکەن. کوشتوبڕی خەڵکی بێ دیفاع لەم ناوچەیە لە ولاتەکانی عێراق، سوریە، لیبی، یەمەن و ئەفغانستان گەیشتۆتە ملیۆنان کەس و ئاوارە و ماڵ وێران بوونی بە دەیان ملیۆن کەسیتر. پەرە بە کێشە نەتەوایەتی و ئایینیەکان دەدرێ و بەشێک لەو خەڵکانەی کە هاوچارەنووسن و لە پەنای یەکتردا ژیاون، لە گیانی یەکدی بەردەدەن.

٢. ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ناوەندی ئەم قەیرانانەدان. خەڵکی کورد لە نێوان چوار دەوڵەتی ناوچەکە لەوانە تورکیە، ئێران، عێراق و سوریادا دابەش کراون. مەسەلەی نەتەوایەتی کورد یەکێک لە مەسەلە چارەسەر نەکراوەکانی ناوچەکەیە. ئەم خەڵکە لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی، واتە هەلاواردن لەسەر بنەمای نەتەوایەتی ئازار دەچێژن و هەر بەو هۆیەوە بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو ئەو ولاتانە وەک کاردانەوە بەرامبەر بەو هەلاواردن و نابەرابەری و بێ مافییە لە ئارادایە. ڕێبەری ئەم بزوتنەوانە لە دەستی هێز و لایەنە لیبراڵ و ناسیۆنالیستەکاندایە کە خاوەنی پێشینەی مێژوویی و ستراتێژی سیاسی جیاوازن. بەلام لە کوردستانی ئێران کۆمەڵە وەک لایەنێکی سۆسیالیست کە بەردەوام ئالا هەڵگری خەبات لەپێناو داواکاری ئابووری، خۆشگوزەرانی و دیموکراتیکی کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکان و ژنانی زوڵم لێکراوی کۆمەڵگا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شێلگیرترین هێز بۆ خەبات لەدژی ستەمی نەتەوایەتی بووە. کۆمەڵە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی زوڵم لێکراو بە هێزی بزوێنەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتیک و ئازادیخوازانە لە کۆمەڵگادا دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە هاتنە مەیدانی ئەم هێزە کۆمەلایەتیانەیە کە پێش مەرجەکانی چارەسەری دیموکراتیکی مەسەلەی نەتەوایەتی مسۆگەر دەبێت. هەروەها کۆمەڵە وەک هێزێکی ئەنترناسیۆنالیست کە بەهێز کردنی هاوپشتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و زوڵم لێکراو لە ناوچەکە بە ئەرکی خۆی دەزانێ، هەروەها ئەوەش بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە سیاسەت و ڕێگا چارەی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی ناوچەیی، بخاتە دەستوری کاری خۆیەوە.

٣. ستەمی نەتەوایەتی، لەو ولاتانەی کە خەڵکی کوردی تیایدا دەژین، سیاسەتێکی زاڵمانەیە کە بە پشت بەستن بە بنەما ئابووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگییە زاڵەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بەسەر خەڵکی کورد دا دەسەپێنرێت. ستەمی نەتەوایەتی ئامرازێکە بۆ پەرتەوازە کردنی ڕیزەکانی چینی کرێکاری ئەم نەتەوە جیاوازانە. خەبات بە دژی ئەم ستەمگەریە ڕەوایە و ستەمی نەتەوایەتی دەتوانێ و دەبێ لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت.

٤. بوونی ستەمی نەتەوایەتی، لەوانە ستەمکێشی ژن، دیکتاتۆڕی و زەبر و زەنگی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاوە و هتد...، هۆکارێکە بۆ دروست بوون و پەرەسەندنی پەرتەوازەیی هەرچی زیاتر لە نێوان کرێکارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، ئامرازێکە لەدەستی دەوڵەت و سەرمایەدارە ناوچەی و سەرتاسەریەکاندا بۆ بەردەوامیدان بە هەژمونی سیاسی و ئابووری خۆیان بەسەر ژیانی خەڵکەوە. بوونی ئەم ستەمە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی بۆرژوازی کورد کە هاوبەرژەوەندە لەگەڵ بۆرژوازی سەراسەری بۆ هێشتنەوەی دەرەجەیەک لە ستەمی نەتەوایەتی، لە چاوی کرێکاران دەشارێتەوە.

٥. بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان کاردانەوەیەکی جەماوەرییە بە دژی هەلاواردن، نابەرابەری و بێ مافی خەڵکی کورد. هەر بەم هۆیەوە بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لە بەشەکانی تری کوردستان بە هۆی ناوەڕۆکە دیموکراتیک و دادپەروەرانەکەی جێی پشتیوانییە. کاریگەری ئێمە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەوە دەبێ بە ئاراستەی پاراستنی ئەم جێگا و ناوەڕۆکە بێت.

٦. لەو ناوچانەی کە خەڵکی کورد و غەیرە کورد لەگەڵ یەکدیدا دەژین، کۆمەڵە نەک تەنیا بە دژی هەر جۆرە جیاکاری و هەوڵدان بۆ جیاکاری لە نێوان خەڵکی کورد و غەیرە کورد، لێبڕاوانە خەبات دەکات، بەڵکو بە پشت بەستنن بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان و جەخت کردنەوە لەسەر پێناسەی ئینسانیان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نێوان ئەو نەتەوانەدا هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ.

٧. بە هۆی ئاڵوگۆڕی ئابووری و زاڵ بوونی سەرمایە بەسەر جیهاندا، چینی سەرمایەدار و خەڵکانی دەوڵەمەندی کۆمەڵگا هیچ هۆکار و پاڵنەرێکیان بۆ خەبات لە ڕێگای نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتیدا نییە. لە ئاکامی ئەم ئاڵو گۆڕانەدا، ئەحزاب و هێزگەلێک کە نوێنەرایەتی سیاسی چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگایان لە ئەستۆیە، چ لە ڕووی بابەتییەوە و چ لە ڕووی مێژووییەوە توانایی چارەسەری دیموکراتیکی مەسەلەی نەتەوایەتیان بە ئاراستەی بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەلانی خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان لە دەست داوە و بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە خواست و بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبی خۆیان بەکار دێنن.

٨. بە هۆی ئەو دەور و نەخشەی کە بوونی ئازادییە سیاسییەکان و نەمانی هەلاواردن و ستەمی نەتەوایەتی لەسەر پرسی ڕێکخراو بوونی چینی کرێکار هەیەتی، ئەو چینە خوازیاری بەربلاوترین ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادایە. چینی کرێکار نەک تەنیا هیچ بەرژەوەندیەکی لەگەڵ مانەوەی هیچ جۆرە ستەمێک نییە، بەڵکو شێلگیرانە هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی ئەو ستەم و نابەرابەریەی کە مرۆڤەکان بە پێی نەتەوەکەیان دەخاتە ژێر باری ستەمەوە.

٩. لە هەناوی خەباتی چینایەتیدا و بوونی بزوتنەوەگەلی کۆمەلایەتی جیاواز و ئیدئۆلۆژی و مەکتەبە سیاسییە جیاوازەکانی وەک ناسیۆنالیزم، لیبڕالیزم و سۆسیالیزم، کۆمەڵێک لە ئەحزاب و گروپە سیاسییە جیاوازەکان شکڵیان گرتووە کە هەرکامە بەپێی ستراتێژێکی سیاسی جیاواز بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکەن:

لیبڕالیزم ئاراستەیەکی بۆرژواییە کە هەوڵدەدا بزوتنەوەی کوردستان لە ناوەڕۆکە دیموکراتیک و ئازادی بەخشەکەی خاڵی بکا و بە ئەنجامدانی هەندێک چاکسازی لەسەرەخۆ و هەنگاو بە هەنگاوی ئیداری و دانی هەندێک ئیمتیاز لە بواری فەرهەنگی نەتەوایەتی، جۆش و خرۆشی خەباتی خەڵکی کورد لەم یان لەو ولات دابمرکێنێتەوە. ئەوان لە پێوەندی بزوتنەوەی کوردستان لەگەڵ خەباتی سەرتاسەری و هەروەها لە پێوەندی بزوتنەوەی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەلایەتییە پێشڕەوەکان نیگەرانن. ئەو ڕێگە چارانەی کە ئەم ڕەوتە دەیهێنێتە گۆڕێ، هێچکات نابێتە هۆی ڕزگار بوونی خەڵکی کورد لە چنگ ستەمی نەتەوایەتی، بەڵکو ڕێگای بەشداری خۆی لە دەسەلاتی ناوچەیی و سەرتاسەری خۆشدەکا و بەشی خۆی لە چەوساندنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش وەردەگرێ.

ناسیۆنالیزم ئاکامی دەرکەوتنی نیزامی سەرمایەدارییە. دەوڵەتە بۆرژوازییەکان چ ئەوانەی کە ئاکامی شۆڕشی دژە دەرەبەگایەتییەکان بوون و چ ئەوانەی دوای دەورەیەک لە چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت، سنوری دەسەلاتیان تا ئەو جێگایەی کە زەبری هێزیان بڕی دەکرد، پەرە پێدا، دواتر بۆ پاراستن و هێشتنەوەی بازاڕی ناوخۆی ولاتەکانیان، لە بابەتی زمانی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش و هتد...، وەک هۆکار و پاڵنەرێک لەناو خەڵکدا کەڵکیان وەرگرت بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە پارێزگاری لە سنوورەکانیان بکەن. ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا جیاوازیگەلێکی زمانی و فەرهەنگی و هتد بوونیان هەبووبێ، بە یارمەتی ئامرازەکانی دەوڵەت دەستیان دەکرد بە هاوتا کردنیان و ئەو کەمایەتیانەیان بە هەموو جیاوازییەکانیاانەوە لە ناو یەکدیدا دەتواندەوە. لە دەستکەوتە مێژووییەکانی خەڵک لە بابەتە جیاوازەکاندا، هێما گەلێکیان بۆ "شانازی کردن" دروست دەکرد، جار و بار بە شێوەیەکی زێدەگۆیانە خۆیان بە سەرتر لە کەسانیتر دەزانی و بەمجۆرە بە باوەڕ و بۆچوونگەلی ئیدیۆلۆژیک و زۆر دواکەوتوانەی وەک فاشیزم دەگەیشتن. لە لایەکی ترەوە لە ولاتە هیستۆکەکاندا (مستعمرە) لە ئاکامی لە ناوچوونی هەنگاو بە هەنگاوی پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی بەر لە سەرمایەداری و سەرهەڵدانی چینە تازە پێگەیشتوەکانی بۆرژوا و کرێکار، خەبات بۆ وەدەرنانی هێزە داگیرکەرەکان پێویستی بە پاڵنەری نەتەوەیی بوو، لەم ناوچانەشدا ناسیۆنالیزم بووە ئامرازی ئەم پێداویستییە. بەلام ئەمڕۆکانە لە سەردەمی بە جیهانی بوونی سەرمایە، ناسیۆنالیزم بنەمای ئابووری و ئاسۆی سیاسی خۆی لەدەست داوە.

سۆسیالیزم، زانست و بزوتنەوەیەکی ڕزگاری بەخشە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو پاشماوەکانی نیزامی کۆن، لە ستەم و چەوساندنەوە ڕزگار دەکا و ڕێنوێنیمان دەکات بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕاستەقینە و لەوانە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی. سۆسیالیزم وەدی هاتنی ئامانجەکانی خۆی بەستۆتەوە بە ژیان و خەباتی چینێکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی واتە چینی کرێکار. لەم نەریتەدا بە ڕەسمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مانای جیابوونەوە و دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ڕاستەوخۆترین و



راستەقینەترین ڕێگایە بۆ نەهێشتنی تەواوەتی ستەمی نەتەوایەتی. لەم ڕووەوە کۆمۆنیستەکان خوازیاری دابینکردنی بێ مەرجی ئەم مافەن بۆ خەڵکی کوردستان. دابین کردنی ئەم مافە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە مانای بوونی هەلومەرجێکی دیمۆکراتیکە کە تیایدا خەڵکی کوردستان لەم مافەی خۆیان بتوانن کەڵک وەربگرن. جیا بوونەوە لە ڕوانگەی ئێمەوە، لە هەلومەرجێکدا دەتوانێ بەسوود و گونجاو بێت کە نیزامێکی پێشکەوتووتر، هەلومەرجێکی دیمۆکرات تر بۆ ژیان و هەروەها ڕێگایەکی نزیکتر بۆ دەست پێڕاگەیشتنی چینی کرێکار بە ئامرازەکانی دەسەلاتی سیاسی نیشان بدات. ئەگەرچی مانەوەی خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتێکی دواکەوتوو و دژە خەڵکی هیچکات پێشنیار ناکەین، بەلام لە هەلومەرجێکدا کە تەرازوی هێزی خەبات، کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەی گەیشتن بە ئازادی و سۆسیالیزم دەبات، ئێمە جیایی پێشنیار ناکەین و لە خەڵکی کوردستان داوا دەکەین کە ڕیزی خەباتی خۆیان لە ڕیزی هاوچارەنووسانیان جیا نەکەنەوە.

١٠. فێدرالیزم و خودموختاری وەکوو ڕێگا چارەیەک بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان ناتوانێ ڕێگایەکی گونجاو بێ بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی. لەبەرئەوەی فێدرالیزم، هیچ تەرکیز ناکاتەسەر ناوەڕۆکی ڕژیمی دەسەلاتدار و گەلالەیەکە بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی دەسەلات و شێوازی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند، هەروەها بەپێی ماهییەتی سیستەمی فیدڕالی، هەموو ئامرازەکانی چەوساندنەوە و سەرکووت لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیدا دەمێنێتەوە. فێدرالیزم لە پێوەند لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ناوەڕۆکێکی ساتوسەوداگەرانەی هەیە و هیچ پێوەندیەکی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە نییە و ستەمی نەتەوایەتیش چارەسەر ناکات. بەڵکوو سەنەدێکە بۆ بەردەوامی ستەمی نەتەوایەتی و کێشەی نەتەوایەتی هەروا بە چارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە. فێدرالیزم وەکوو ڕێگا چارەیەک بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، هەموو ئورگان و دامودەزگا سەرکووتکارەکان و هێزی ئابووری و پلان دانانی ناوەندی لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندیدا دەهێڵێتەوە. بەلام ئەوەی کە ولاتێک لە ڕووی دابەشکاری ئیداری و جوغرافیاییەوە بە شێوەی فێدرالی یان ناکۆجێیی بەڕێوە بچێت، بابەتێکی جیاوازە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە بابەتگەلێکی لەم چەشنە لە کۆتاییدا بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی ڕێکخراو لە شوڕاکانی نوێنەرانی خەڵکدا دیاری دەکرێ.

١١. کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی زوڵم لێکراو ی کۆمەڵگا هێزی سەرەکی بەرەو پێش بردنی خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمگەری نەتەوایەتین. بەهێزی وشیاری و ڕێکخراو بوونی ئەم هێزانە لە ئاستی کۆمەلایەتی و دابینکردنی ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕانەیە کە خەڵکی کوردستان لە ژێردەستەیی ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاریان دەبێ. دەست تێوەردانی زل هێزەکان و بوار خوڵقاندن بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەتە ناوچەییەکان کە هەر کامەو بە شوێن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوەن، ئەو ترس و نیگەرانیانەن کە بە بەردەوامی هەڕەشەیە بۆسەر بزوتنەوەی دادپەروەرانەی خەڵکی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. کۆمەڵە شێلگیرانە لە سەبارەت بە دەست تێوەردانی هێزە دەرەکیەکان و مەترسیەکانی ئەو دەست تێوەردانانە بەردەوام هۆشداری دەداتە هەموو بەشەکانی کوردستان. کۆمەڵە زیانبەخش بوونی سیاسەتی ئەو بەشە لە ئەحزاب و هێزە سیاسیەکان کە لەبری پشت بەستن بە هێزی ڕاستەوخۆی خەڵک، تۆوی خۆشباوەڕی و هیوابەستن بە دەست تێوەردانی هێزە دەرەکیەکان بلاو دەکەنەوە و خەڵک لە چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە، بەردەوام بۆ خەڵک ڕوون دەکاتەوە.

١٢. لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیدان و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوەند لە خەبات و بەربەرەکانیدان، بەلام هە ر کامەو بە هۆی هەلومەرجی بابەتیانە و تایبەتمەندیە کۆمەلایەتی، سیاسی، جیۆپۆلەتیک و ڕژیمە سیاسییە دەسەلاتدارەکانەوە، ناتوان خاوەنی یەک ستراتێژی دیاریکراو بن. کۆمەڵە وێڕای بە ڕەسمی ناسینی ئەم هەلومەرجە جیاوازە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی ستەم لێکراوەوە ئەم ستراتێژییە سیاسییە دەداتەبەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.

١٣. بە هۆی هەلومەرجی بابەتیانەی هەرکام لە ولاتەکانی ناوچەکە، خەباتی خەڵکی کورد ناتوانێ لە خەباتی سەراسەری ئەم ولاتانە جیابێ. مێژووی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕەکان لە ولاتەکانی سوریا، عێراق، تورکیە و ئێران نیشان دەدا کە تەنیا لە کاتێکدا دەوڵەتەکانی ناوەند توشی قەیران بوون و یا بە هۆی هەر هۆکارێک لاواز بووبن، بۆ بزوتنەوەکانی خەڵکی کوردیش دەرفەتگەلێک ڕەخساون و تەرازوی هێز لە بەرژەوەندی ئەوان گۆڕاوە. لەم ڕووەوە ئێمە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری کارا و چالاکانە لە خەبات بۆ گۆڕینی دەوڵەتی ناوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە پێشڕەو و پێشکەوتووەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بانگەواز دەکەین.

١٤. پێکهێنانی وەها هەلومەرجێکی کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان تێیدا بتوانن ئازادانە و دوور لە هەر چەشنە ترس و گوشارێک بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن لە گرەوی دیمۆکراتیزە کردنی ڕەوشی سیاسی تەواوی ئەو کۆمەڵگایەدایە کە ئەمڕۆ خەڵکی کورد تێیدا دەژین. بە ئەنجام گەیشتنی ئەم بابەتە بەبێ خەباتی چینی کرێکار و ئەو بزوتنەوە پێشڕەوە کۆمەلایەتیانەی کە بە شێوەی دیار و بەرچاو بە ئاراستەی بەدەستهێنانی داخوازی و ئازادییە دیموکراتییەکان هەنگاو هەڵدەگرن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەسەلاتی حاکم دەخاتە ژێر گوشار، مومکین نییە. لەم ڕوانگەیەوە پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەو بزوتنەوە پێشڕەوە کۆمەلایەتیانە لە ئاستی سەراسەریدا یەکێکە لە پێویستیەکانی پێشکەوتن و بەرەو پیش چوونی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کورد لە خەبات بۆ لەناوبردنی چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا.

١٥. لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بۆ لەناو بردنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی کە ڕێبەرایەتیەکەی لە دەستی ڕەوتێکی پێشڕەو و شۆڕشگێڕدا بێت، هەروەها بەبێ دابین کردنی هەلومەرج و پێویستیەکانی بەکردەوە دەرهێنانی ئیرادەی ئازادانەی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و درووست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێگای هاووپەیمانی و هاوئاراستەیی لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، نەتەنیا نابێتە هۆی پێکهاتنی نیزامێکی سیاسی پێشکەوتوو و دیموکراتیک بەڵکوو حکومەتی کوردستانی سەربەخۆ دەخاتە بازنەی حکومەتە دواکەوتوو و ئیرتجاعییەکانی ناوچەکە و هاوپەیمانی ئامریکا.

١٦. حکومەتی دەسەلاتدار لەو ولاتانەی کە خەڵکی کورد تێیدا دەژین، بە پێچەوانەی ئەو جیاوازی و دژایەتیانەی کە بۆ قازانجی خۆیان بەرانبەر بە یەکتر هەیانە، بۆ قەلاچۆ کردن و شکست پێهێنانی بزوتنەی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ یەکتر هاوکاری و یەکدەنگیان هەیە. پیلانگێڕییەکان تا ئەو ئاستە بەردەوام دەبن کە حیزب و هێزە سیاسیەکان دەخەنە گیانی یەکتر و جیاوازی و کەلێنی نێوانیان زیاتر دەکەن. خەبات لەدژی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتانی دەسەلاتدار بەسەر کوردستان و پوچەڵکردنەوەیان یەکێکە لە بنەماکانی ستراتێژی کۆمەڵە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە لەهەر کاتێک و زەمەنێکی دیاریکراودا ڕێگاچارەی شیاو و پێشنیار دەکات.

١٧. کۆمەڵە لەسەر بنەمای ئەرکی ئینتێرناسوۆنالیستی و چینایەتی، هاوپەیمانانی خۆی لە پارچەکانی تری کوردستان لە ناو کرێکارانی هۆشیار و کۆمۆنیستەکاندا دەدۆزێتەوە و لێبڕاوانە بەرگری لە خواست و داواکاریەکانی چینی کرێکار دەکات. هەروەها کۆمەڵە پارێزەری لێبڕاوی ئازادییە کۆمەلایەتیەکان، سیکۆلاریزم و جیایی دین لە دەوڵەت، لەناو بردنی چەوساندنەوەی ژنان و بە گشتی ئازادییە دیموکراتیەکان لە ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا دەبێت. کۆمەڵە لەسەر ئەو ڕاستیە جەخت دەکاتەوە کە سوسیالیزم و شۆڕشی لێبڕاوی سوسیالیستی، تەنیا زامنی بەدەستهێنانی ڕزگاری و ئاسایش و بایەخە مرۆڤییەکانە. ستراتێژی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری خەڵکی کوردستان لەدەست چەوسانەوەی نەتەوایەتی، وەدیهاتنی وەها ئامانجێک ئاسانتر دەکات.

١٨. لەو ڕووەوە کە حکومەتە سەرکوتگەرەکانی خەڵکی کورد ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵک بە لەشکرکێشی و بەکارهێنانی هێز و سەرکوت پێشێل دەکەن، بەهۆوی ئەوەی کە هێزە چەکدارەکان بە چەشنی هێزێکی داگیرکەر لەگەڵ خەڵکی کورد هەڵسوکەوت دەکەن، خەڵکی کوردستانیش دەتوانن " وەک مافێکی ڕەوای بۆ بەرگری لە خۆیان" دەست بدەنە چەک و پارێزگاری لە ماف و شکۆ و کەرامەتی مرۆڤانەی خۆیان بکەن. مافی خۆیانە چەکدار بن و هێزێکی چەکداری کۆمەلایەتی خۆیان لەژێر فەرمان و ڕێبەرایەتی بنکەکان و شوراکانی خەڵکدا پێکبێنن. خەڵکی کوردستان پەنا بۆ توندوتیژی نابەن، بەلام لە ئاست دەستدرێژی و توندوتیژییەکان ڕادەوەستن و بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤانەی خۆیان دەکەن. کۆمەڵە ئەو بۆچوون و گەرایشە لیبرالیانەی کە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی، بۆ دەست بردن بۆ چەک و بەرگری کردن و خۆڕاگری بەرانبەر هێرشەکانی دەوڵەتانی ناوەندی، بە زیان دەزانن ڕەت دەکاتەوە. بەلام لەهەمانکاتدا جەخت دەکاتەوە کە گرنگ و پێویستە هێزی چەکداری حیزبەکان، جێگەی خۆیان بدەن بەو هێزە چەکدارانەی کە لەژێر فەرمان و ڕێنوێنی بنکەکانی پێکهاتووی دەسەلاتی کۆمەلانی خەڵکدان.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی
کۆمۆنیستی ئێران)
بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی
بەرانبەر لەگەڵ مانگی
ژانوییەی ٢٠٢٢

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 420- febr 2022

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## پەیامی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بۆ کرێکارانی ئێران

ژنان و پیاوانی کرێکار، هاوڕێیان

جیهانی سەرمایە لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوو بۆتەوە و وایرۆسی کرۆنا ئاستی ئەو قەیرانەی بەڕوونی دەرخستووە. سەرمایەداران و نوێنەرە سیاسییەکانیان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە بدۆزنەوە. ئەوان لە رابردوودا کاتێک لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بێ هومێد دەبوون، شەڕی جیهانییان وەڕێ دەخست. بەڵام ئێستا بەچەند هۆکار ناتوانن پەنا ببەنەبەر شەڕی جیهانی. یەکەم ئەوەیکە: تەواوی نەیار و ڕەقیبە زلهێزە جیهانییەکان بەشی چەندجار لەناو بردن و سڕینەوەی هەل و مەرجەکانی ژیان لەسەر گۆی زەوی، بۆمب و چەک و چۆڵی ناوەکی و کۆمەڵکوژیان لەبەردەستدایە. دووهەم: بە ترلیۆن دۆلار سەرمایەی سوپێرملیاردێرەکان لەو وڵاتانەدا تێکهەڵپێکراوە. سێهەم: لە ئەگەری درووست بوونی شەڕێکی جیهانیدا و هەروەها بەهۆیەوە ئەگەری لەبەریەک ترازانی سیستەمە ئابوورییە جیهانییەکەیان، ئەو گرێبەستانەی کە بەشێوەی ئاشکرا و شاراوە بەستراون و هەروەها ئەو قەرزانەی کە لە نێوانیاندا ئەملاولای پێکراوە، نیزامەکەیان بە گشتی لەگەڵ مەترسی دارمان و لەناوچوون بەرەوڕوو دەبێتەوە. لەم ڕووەوە جیهان لە قۆناغێکی تێلەڕین ( گوزار) و هەروەها لە لێواری هەڵدێرێکی مەترسیداردا قەراری گرتووە و مرۆڤایەتی بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پڕ مەترسییە تەنیا ڕێگایەکی لەبەردەمدایە و ئەوەیش بریتییە لە پشت بەستنن بە هێزی چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سوسیالیستی.

کۆمەڵگای ئێمە " ئێران" دەنگی هەنگاوە پتەو و چینایەتییەکانی ئێوەی، بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا لە لایەن گوردانە خەباتکارەکانی ئێوە لەوانە کرێکارانی کۆمەڵگەی پیشەسازی "هەفت تەپە" کرێکارانی "فووڵاد"، کرێکارانی "هپکۆ"، کرێکارانی کانەکان، کرێکارانی قەردادی و کاتی نەوت، کرێکارانی ڕێگای ئاسن و پترۆشیمیەکان و گاز و هەروەها مامۆستایانەوە بۆ داکۆکی و بەدواداچوون لەپێناو بەدەستهێنانی داواکارییە ڕەواکانتانی بەگوێ گەیشتووە. خەبات و نارەزایەتێکانی ئێوە تۆوی هیوا بە سەرکەوتنی لەناو دڵی جەماوەردا چاندووە. ئەم گەشبینی و هیواداربوونە لە تەواوی قسە و باس و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەژێر تیشکی ئەو هیوا و هومێدەوارییەدا بوو لە کۆنگرەدا لەسەر ئەوە جەختمان کردەوە کە چینی کرێکار بەهۆی جێگا و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی و هەروەها بەهۆی خەبات و نارەزایەتیەکانی تا ئێستای، بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە چەق و ناوەندی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە چینی کرێکاری ئێران لە زاتی خۆیدا توانایی و پتانسێلی ئەوەی هەیە کە خۆی لە سەرەوەی هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تردا بنێتەتوە و بە پشتیوانی لێبڕاوانەی خۆی لەو بزوتنەوانە، مەیدانی مانۆڕ و پەلەقاژەی ڕژیمی ئیسلامی بەرتەسک بکاتەوە و ئامرازەکانی سەرکوتی بێ کاریگەر بکات. لە کۆنگرەکەدا هەروەها جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە ئەمڕۆ ئیمکانی ئەوە هەیە کە دروشمی کار، نان، ئازادی و ئیدارەی شۆڕایی، ببێتە هەوێن و ئاڵقەی پێوەندی و لێک هەڵپێکانی هەموو بزوتنەوە نارەزایەتییەکانی تر و پتانسێل و تواناییەکانی بزوتەوەی کرێکاری بۆ هیدایەت و ڕێبەریکردنی ئەو بزوتنەوانە بە کردەوە دەربێت. کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی چەپ و کۆمۆنیست کە لە ئاوا سیاسەتێک هێز وەردەگرێت، بە ئەرکی خۆی زانی کە لە کۆنگرەی ١٨ی خۆیدا و لە سەنگەری کوردستانی شۆڕشگێڕەوە، پەیمانی هاوسۆزی و هاوخەباتی خۆی لەگەڵ ئێوە کرێکاران سەرلەنوێ دووپات بکاتەوە.

بژی هاوپشتی و هاوخەباتی کرێکاری، بژی سوسیالیزم<br>
کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە<br>
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)<br>
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی<br>
بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢




## پەیامی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردووان

بنەماڵە سەربەرزەکانی گیانبەختکردووانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران!

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە دروودی بێ پایانی خۆی ئاراستەی ئێوە بنەماڵە ئازیز و سەربەزەکانی گیانبەختکردووانی ناو ڕێزەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکات. کۆنگرەی کۆمەڵە لە هەلوومەرجێکدا بەڕێوەچوو کە ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی گیانبەختکردووان، چەندین ساڵە لە سۆز و بوونی ئازیزانتان بێ بەش بوون و هەموو ڕۆژێک نەبوونی ئەوان لە کۆڕو کۆمەڵی هاوسەنگەرانیان و بنەماڵەکانتاندا زیاتر هەست پێدەکەن. ئەو ئازیزانەی کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی و لە خەباتی چەکداری کوردستان و ڕێگاکانی تری خەبات و تێکۆشان گیانی ئازیزیان لە پێناو ئامانجی بەرزی سۆسیالیزمدا بەختکرد. ئێمە لەم کۆنگرەیەدا و لە هەلومەرجی پڕ لە گۆڕانکاری کوردستان و ئێراندا لە هەموو کاتێک زیاتر هەستمان بە نەبوونی ئەو هاوڕێ ئازیزانەمان کرد، چ لە ناو کۆنگرە و چ لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چینا یە تیدا .

کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە بە ئیرادەیەکی پتەو و یەکگرتووانە لەسەر درێژەدان بە ڕێباز و ئامانجی هاوڕێیانی ئازیزی گیانبەختکردوو وەک پێزانینێک بۆ مێژووی پڕ لە فیداکاریی ئەو تێکۆشەرە کۆمۆنیستانە، هەتا بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی کە ئەو ئازیزانە گیانیان لە پێناویدا بەختکرد، پێداگری کردەوە. هەروەها بەو پەڕی ڕێزەوە تیشکی خستەسەر ئەو ڕەنج و خەمە قورسەی کە ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی گیانبەختکردووان لە چەندین دەیەی ڕابردوودا لەپەنا لەدەستدانی گیانی ئازیزانتان، بەوپەڕی سەربەرزییەوە لەبەرانبەر هەلومەرجی سەختی ئابووری و بارودۆخی پڕلە ستەمکاریی کۆماری ئیسلامیدا خۆڕاگریتان کردووە.

بەرز و بەڕێز بێت یادی ئازیزی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم<br>
بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری

کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە<br>
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)<br>
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی<br>
بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢

## پەیامی کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە بۆ زیندانیانی سیاسی

زیندانیان سیاسی، هاوڕێیانی دڵسۆز و خۆڕاگر، لە لایەن " کۆنگرەی ١٨ کۆمەڵە"وە دروودی بێ پایان دەنێرین بۆ ئێوە و بنەماڵە سەربەرزەکانتان. بەداخەوە کۆنگرەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە بە دەیان کەس لە ئێوە، لە کاتێکدا کە پێویست بوو هەرئێستا و شان بە شانی ئێمە هاوڕێیانتان لە ڕێبەری و هیدایەتی خەبات و ناڕیزایەتییەکانی ڕۆژانە بۆ روخاندن و لەگۆڕنانی دەسەڵاتی فاشیستی مەزهەبی زاڵ بەسەر ئێراندا دەور و نەخشی کاریگەر و بەرچاو بگێڕن، لە ئێستادا لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەستبەسەر و ڕاگیراون. بوونی ئێوە لەناو بەندیخانەکاندا، هاوکات لەگەڵ ووتنەوەی درووشمی" ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی "، هێمایەکە بۆ ڕەوابوونی داخوازییەکانی ئێوە و جێگە و پێگەتان لەناو دڵی ملوێنان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، هەروەها هاوکات نەفرەت و نارەزایەتییەکی گشتییە دژ بە سیستەمێکی چینایەتی کە جگەلە زیندان، زیندانوان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرکوت و داپلۆسین بۆ مانەوە ودرێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی هیچ رێگایەکی دیکە شک نابات. دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە بە هۆی خەبات و نارەزایەتییەکی گشتی و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک، دەرگای زیندان و سیاچاڵەکانی ستەمکاری مەزهەبی تێکبشکێندرێت و بە چەپکە گوڵی ئازادی لەملدا و بە پێشوازی گەرمی خەباتکاران و شۆڕشگێڕان، سەربەرزانە بە باوەشی گەرمی بنەماڵەکانتان شاد ببنەوە.

جارێکی تر درووود دەنێرین بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵاینی خۆتان و بنەماڵە سەربەزەکانتان.

کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە<br>
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)<br>
بەفرانباری ١۴٠٠ی هەتاوی<br>
بەرانبەر لەگەڵ مانگی ژانوییەی ٢٠٢٢